# دیاردەی تیرۆر
# لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە

**پێناسە و جۆر و هۆکار و چارەسەرییەکانی**

بسم اللهِ الرَّحمنِ الرَّحيم

[وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً ممَّنْ دعَا إِلَى اللَّه وَعَملَ صَالحًا وَقَالَ إِنَّني منَ الْمُسْلمينَ * ولاَ تَسْتَوِي الحْسَنَةُ وَلاَ السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذي بَيْنَكَ وبَيْنَهُ عدَاوَةٌ كَأَنَّهُ ولِيٌّ حَمِيمٌ * وَمَا يُلَقَّاهَا إِلاَّ الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلاَّ ذُو حَظّ عَظِيمٍ] (سورة فصلت: ٣٣ـ٣٥).

[وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ ورزَقْنَاهُمْ منَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ علَى كَثِيرٍ ممَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً] (سورة الإسراء: ٧٠).

# دیاردەی تیرۆر
# لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە

## پێناسە و جۆر و هۆکار و چارەسەرییەکانی

دکتۆر حەسەن خالید مستەفا موفتی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

دکتۆر حەسەن خالید مستەفا موفتی
دیاردەی تیرۆر لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٠٤
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٤٤٨ - ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: زیاد تاریق
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل، ئومێد بەننا، تریسکە ئەحمەد

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-75-1

# پێڕستی ناوەڕۆک


تێبینی..........7
پوختـەی توێژینەوەکە..........8
پێشـەکی..........9
(باسی یەکەم): پێناسـە و حوکم و جۆرەکانی تیرۆر..........13
١. پێناسـەی تیرۆر (تۆقاندن) لە زاراوەی فیـقهی ئیسلامیدا..........15
٢. حـوکم و سزای تیـرۆر..........16
٣. جـۆرەکانی تیـرۆر..........17
أ. تۆقـاندنی کەسـی بەرانبـەر بە ئاشکرا یان بە پەنهـانی..........17
ب. تۆقاندنی کۆمـەڵە مرۆڤێک..........21
ج. تۆقـاندنی نەتەوەیەک یان میللەتێک بە تێکڕا..........23
د. تیـرۆری ئابووری..........26
هـ. تیـرۆرکردنی هـزر و فیـکر و عـەقڵ..........29
و. تیرۆرکردنی خاک و نیشـتمان و ڕووەک و گیانلەبەران..........30
(باسی دووەم): هـۆکـارەکانی تیـرۆر لە روانگەی ئیسلامـەوە..........33
خاڵی یەکـەم: تەفسیر و ڕاڤـەی ئیسلام بۆ سـەرهـەڵدانی تیرۆر..........35
حیکمـەت لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆک و بەسـەرهـاتانە..........38
بەڵام لێرەدا پێویستیشە بگوترێت..........39
خاڵی دووەم: هـۆکـارەکانی تیرۆری بەناو ئیسلامی..........40
هـۆکاری یەکەم: تێنەگەیشـتن لە خـودی ئیسلام و سـەرچاوە و زاراوە..........40
أـ تێنەگەیشـتن لە واتای ئایەتەکانی قـورئان و فەرمـوودەکـانی..........40
هـەندێک لەو هـەڵانەی کـە سـەرچاوەیان لەو هـۆکـارانەی سـەرەوە..........41
نموونەی یەکـەم: واتـای زاراوەی: (ترهـبـون)..........41

نموونەی دووەم: لێکدانـەوەی (یقـتلون ویقـتلون)............................................43
ب ـ پشت گوێخستنی فیقـهی ئیسلامی و بنەماکانی ................................44
ج ـ لێکدانەوەیان بە هەڵە بۆ کۆمەڵێک زاراوەی ئیسلامی ........................46
د ـ شـارەزا نەبوونیان لە کۆمەڵێک یاسـا ........................................................46
هـ ـ لێکدانەوەی نادروست بەرانبەر بە هاوکێشەکان ................................47
هۆکاری دووەم: گرتنەبەری ڕێگەی توندوتیژی ...................................................48
هۆکاری سێیەم: شوێنکەوتنی کوێرانە .........................................................................50
هۆکاری چوارەم: تاکڕەوی و خودپەسەندی ..........................................................57
هۆکاری پێنجەم: هۆکاری رامیاری ..............................................................................58
لێکۆڵینەوە و شیتەڵکردنی دروشمە بریقەدارەکان ......................................59
هۆکاری شەشەم: لایەنی ئابووری ...............................................................................65
هۆکاری حەوتەم: کاری نادروست و کاردانەوەی نابەجێ ................................66
(باسی سێیەم): چارەسەرییەکانی تیرۆر لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە......71
یەکەم ......................................................................................................................................73
دووەم ......................................................................................................................................74
سێیەم ......................................................................................................................................80
چـــوارەم ...............................................................................................................................82
پێنجەم ...................................................................................................................................82
شەشەم .................................................................................................................................83
حەوتەم ...................................................................................................................................83
هەشتەم .................................................................................................................................84
کۆتایی توێژینەوەکە .........................................................................................................86
١ـ ئەنجامەکان .......................................................................................................................86
٢ـ راسپاردەکان .....................................................................................................................88
سەرچاوەکان ........................................................................................................................93

## تێبینی

ئەم توێژینەوەیە بۆ یەکەم جار لە نێو راپرسی و توێژینەوە و دیکۆمێنتەکانی کۆنفرانسی تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە، کە بەسترا لە هەولێری پایەتەخت لە ژێر ناونیشانی: (دیاردەی تیرۆر لە هەرێمی کوردستاندا، هۆکار و چارەسەرکردن) لە مێژووی: ١-٣ ی شوباتی ٢٠٠٦ز، ١٤٢٧کۆچیدا، وە لە خودی کۆکراوەی توێژینەوە پەسەندکراوەکانی کۆنفرانسدا لە چاپ دراوە لە بەرگی دووەم ل(٢٠٧ بۆ ٢٥٠)، بە ژمارەی سپاردنی (٣٤٦) ساڵی ٢٠٠٧ز، لە چاپخانەی رۆشنبیری، لە هەولێر، بەڵام لە بەر سنووردارییی ژمارەی نوسخەکانی ئەو بڵاوکراوەیە هەروەها داواکارییی زۆرێک لە دۆستان و گرینگیی توێژینەوەکە بە باشمان زانی بە چاپی دووەمی بگەیەنین بەکەمێک دەستکاری و زیادەکاری پێویست، بەو هیوایەی کە باسەکە سوودگەیێن بێت بە تایبەت بۆ خوێنەری کورد لە کوردستان و دەرەوەیدا.

توێژەر
د. حەسەن خالید موستەفا موفتی
هەولێر – ٢٠ی ئاب ٢٠١١

## پوختەی توێژینەوەکە

تیرۆر دیاردەیەکی نامۆ و نەشازە بە کۆمەڵگەی کوردەواری... نە گونجاو و نەفرت لێکراوە لە روانگەی ئیسلامەوە.. ئەم توێژینەوەی کە لە بەر نیگادایە بە ناونیشانی (دیاردەی تیرۆر لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە، پێناسە و جۆر و هۆکار و چارەسەرییەکانی)، بریتییە لە سەرەتایەک و سێ باس و کۆتاییەک، کە بەکورتی لێکۆڵینەوەیەکی بوێرانەی بابەتییانە سەبارەت بەگرنگترین تەوەرە هەنووکەییە ئاڵۆزەکانی دیاردەی تیرۆر لە پێناسەکردن و ناساندن و دەستنیشانکردنی جۆر و حوکمی هەر یەکەیان، هەتا دەگاتە هۆکار و چارەسەرییەکانی لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە، هەروەها چەندین ئاکام و بەرەنجام و راسپاردە لە خۆ دەگرێت، بە باسکردن و تاوتوێکردنی را و بۆچوونی بەرانبەر بە شێوازێکی شیتەڵکاری بابەتییانە، بە پشتبەستن بە بەڵگەی بەهێزی (نەقڵی) و (عەقڵی) پێوەندیدار، بەئومێدی سوود وەرگرتن بۆ گشت لایەک....

## پێشەکی

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگار، درووود بۆ سەر گیانی پێغەمبەری نازدار (درووودی خـوای لەسـەر بێت) لەویشەوە بۆ سـەر گـشت یار و یاوەر و شوێنکەوتووانی بە گشتی تا رۆژی دوایی..

ئاشکرایە کە هەموو سەردەمێک دیاردەیەکی گەورەی نامۆ سەرهەڵدەدات و شێوازی جۆرەوجۆر بەخۆوە دەبینێت و بە پاڵپشتیی ئایدیۆلۆجیایەک دەهێنرێتە بەرهەم، وە تا ماوەیەک کەم یان زۆر، چین و توێژەکانی کۆمەڵگە پێیەوە سەرقاڵ دەبن، کە رەنگە زۆرجار بەتایبەت لە سەرەتادا بەپێچەوانە لە تەک راستی و بەها پیرۆزەکانی مرۆڤی شارستان، مامەڵە لە تەک دیاردەکەدا بکرێت..

تیرۆریش کە ئەمڕۆ بووەتە گەورەترین کێشەی هاوچەرخ کە نامۆیە بەهەست و نەستی مرۆڤایەتی، هەروەها واتاو ئاواتە جوانەکانی مرۆڤ بەتێکڕا لە ناو دەبات، کە بە داخەوە رەوتێکی توندوتیژی کە خۆی هەڵواسیوە بە دینی پیرۆزی ئیسلامەوە، وە کەم تا زۆر تەوژمی ئوسووڵییەتی سەلەفی خۆی کردووەتە بەشێک لە دیاردەی ئەو تیرۆرەی کە بوونی هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا..

وە بەهۆی کار و کاردانەوە لە هەردوو لایەنی دژ بە یەک، واتە کاری تەوژمی ئوسووڵییەتی سەلەفییەتی جیهادی بەناو ئیسلامی لەلایەک و کاردانەوەی هەندێک بێباوەڕ و ناحەز بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام و نەیار لە بنەڕەتدا پێی، لەلایەکی تر، کە لە راستیدا هەردوو تەوژمەکە هەڵەن و بیرتەسک و دوورن لە واقیع و راستییەکانەوە..

چونکە لایەنی یەکەم خەڵکێکی هەلپەرستی خود پەسەندی خۆهەڵواسیو بەو ئاینەدا، کە لە راستیدا رۆح و جەوهەری ئەو ئاینە یەک ناگرێتەوە لە تەک بیرو باوەڕ و هەڵسوکەوتەکانیان، وە بەناوی ئیسلامەوە، لە رووی شارەزایی یان خۆ هەڵەکردن، بە کارە توندڕۆیەکانیان ئیسلام و موسڵمانان لەکەدار دەکەن..

وە لایەنی دووەمیش لەژێر پەردەی هێنانەدیی ئازادی بۆ کۆمەڵگە یان هەر پاساوێکی تر هەموو جۆرە یاسایەکی ئاسمانی رێسای شایستەی رێسمانی بەرپەرچ دەدەنەوەو بە یەک چاو دەنوارنە ئیسلام و دوژمنایەتی دەکەن و خودی ئاینە پاک و بێگەردەکە دەکەنە ئامانج.. ئەڵبەتە جاری واش هەیە کارو کاردانەوەکە بەپێچەوانەوەیە، بەڵام کێشەو بەرەنجام و نەهامەتییەکان هەر وەک خۆیان دەمێننەوە!

چونکە هەردوو لایەنی پێوەندیدار (ئەمپەڕ و ئەوپەڕ) دەگرن و هەردوو تەوژم پێویستە بخرێنە ناو (بازنەی تیشکەوە) و لە هەموو روویەکەوە توێژینەوەو لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت لە پێناو ئاشکرابوونی راستییەکان بۆ ئەوەی میللەتیش چیی تر چەواشە نەبێت و هەڵوێست وەربگرێت، وە بۆ ئەو ئامانجەش پێویستە هەریەکە لە روانگەی پسپۆڕیی خۆیەوە، لەم بابەتە بکۆڵێتەوە..

بۆیە ئێمەیش بەهەڵوێستێکی ئاینی و نەتەوایەتی و نیشتمان پەروەریمان زانی کە لەو روانگەوە چەند تیشکێک کەم یان زۆر، بخەینە سەر ئەو بابەتەو توێژینەوەکەمان بەناوی (دیاردەی تیرۆر لە روانگەی ئیسلامەوە، پێناسە و جۆر و هۆکار و چارەسەرییەکانی) بخەینە بەر نیگا، کە بریتییە لە: سەرەتایەک کە تیایدا فەلسەفەی بابەتەکەمان خستووەتە روو، لە تەک سێ باسی سەرەکی و کۆتاییەک، لە باسی یەکەمدا پێناسە و حوکم و جۆرەکانی تیرۆر لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە، خراوەتە روو، لە باسی دووەمدا بە چڕوپڕی هۆکارەکانی دیاردەی تیرۆر باسیان لێوە کراوە، وە لە

باسی سێیەمدا پوختەی چارەسەرییەکان خراونەتە بەرچاو و روون کراونەتەوە، وە کۆتایی بابەتەکەمان هێناوە بە چەپکێک لە ئەنجامی باش و راسپاردەی گرنگ کە تۆێژینەوەکە پێی گەیشتووە، بەو ئومێدەی سوودمەند بێت بۆ کۆمەڵگەکەمان بەگشتی و لاوەکانمان بەتایبەتی، کە بۆیان بسەلمێت کە ئیسلام دوورە لە هەموو کارێکی توندو تیژی و ئیرهاب و تۆقاندن، هەروەها یارمەتیدەر بێت بۆ ئێستای ئەزموونی ولاتەکەمان.. خوای گەورە یارمەتیدەر و پشت و پەنای هەمووانە، سوپاس بۆ خواو دروودی نەبڕاوەش بۆ سەر گیانی پێغەمبەری پێشەوا (دروودی خوای لەسەر بێت).

١٢ـ ١ـ ٢٠٠٦

باسی یەکەم

# پێناسە و حوکم و جۆرەکانی تیرۆر، لە روانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوە

## پێناسەی تیرۆر (تۆقاندن) لە زاراوەی فیقهی ئیسلامیدا

ناوەندە رۆشنبیرییەکان و زانا و پسپۆڕانی ئیسلام لە پێناسەی ئەو زاراوەدا یەک دەنگ نین، لەبەر چەندین هۆکار گرینگترینیان تازەیی زاراوەکەیە لە رووی بەکارهێنانیەوە..

بەڵام لەم دوایەدا کۆڕی زانیاری فیقهی ئیسلامی لە شاری مەککەی پیرۆز کۆبونەوەیەکیان گرێداو بەتێکڕایان پێناسەی (إرهاب) و تۆقاندنیان کرد کە: بریتییە لەو دەستدرێژییەی کە کەسێک، یان کۆمەڵێک، یان دەوڵەتێک، بە ناهەق دەیکاتە سەر پێویستییەکانی مرۆڤ لە دین و گیان و عەقڵ و شەرەف و ماڵ و سامان، بە هەر شێوازێک بێت، کە ژیان و ئاسایش و سەربەستی بوون و دەربڕینی بخاتە مەترسییەوە، «هەروەها رایان گەیاندووە کە: لە جۆرەکانی (تۆقاندنە) دەستدرێژیکردنە سەر سروشت و ژینگە و سامانی تاک یان گشتی بە هەموو جۆرەکانیانەوە، وە ئەمانەیان تێکڕا ژماردووە لە جۆرەکانی (الفساد في الأرض)، واتە: شێواندن و ئاژاوەگێڕی لەسەر زەویدا، کە خوای گەورە لە چەندین ئایەتی پیرۆزدا بە توندی نەهیی لێ کردووە».[1]

کە ئەو پێناسەش لەو ئایەتە پیرۆزانەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێوەستن بەم بابەتەوە، کە بریتین لە:

١ـ [ وَلاَ تَبْغِ الْفَسَادَ فِي الأَرْضِ إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ ][2]

١. بنوارە: (المجمع الفقهي الإسلامي في رابطة العالم الإسلامي ) خولی /١٦، لە (مەککە) لە مانگی شەوالی ساڵی ١٤٢٣ک. بەرانبەر ٢٠٠١ ز. بەستراوە.

٢. (سورة القصص: ٧٧).

٢ـ [ وَلاَ تُفْسِدُوا فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا ][3] .
٣ـ [ وَلاَ تَعْثَوْا فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ ][4] .
٤ـ [ إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلاَفٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ * إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ][5] .

هەروەها نموونەکانی ئەم ئایەتە پیرۆزانە، کە لە تێکڕایاندا خوای گەورە باس لە قەدەغەکردنی هەموو جۆرە تۆقاندنێک دەکات و سزای کاری تێکدان و شێواندنی زەوی و بوونەوەرمان بۆ باس دەکات.

## حوکم و سزای تیرۆر

بەپشتبەستن بەو ئایەتە پیرۆزانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن و بە پێی ئەو پێناسەی کە باسمان کرد، روون دەبێتەوە لە روانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوە، کە هەموو جۆرە کارێک کە هەڕەشەو گێرەشێوێنی و تۆقاندن و مەترسی بێت لە سەر تاک یان کۆمەڵ، تێکڕایان کاری تیرۆرە و حەرامن و خاوەنەکەی لە دنیا و پاشەڕۆژدا سزا وەردەگرێت.. بەپێی بنەماکانی (الحدود) کە دیاری کراوە لە دەقە شەرعییەکاندا، یان بەپێی یاساکانی ناسراو بە (التعزیر) کە دادوەر و قازیی شەرعی سەربەستە لە دیاریکردنیدا، بە مەرجێک نەگاتە پلەی کەمترین پلە لە جۆرەکانی (الحدود) لای زۆرێک لە زانایان[6] . هەروەک لە بڕگەکانی داهاتوودا زیاتر لەسەریان دەدوێین.

---

٣. (سورة الأعراف: ٥٦).
٤. (سورة هود: ٨٥).
٥. (سورة المائدة : ٣٣ـ٣٤).
٦. بنوارە: (فتح الباري شرح صحيح البخاري: للعسقلاني: ١٠/٤٨٧).

## جۆرەکانی تیرۆر

بەپێی خاڵی یەکەم و دووەم لەم بەشەدا جۆرەکانی تۆقاندن بریتین لە:

### أ- تۆقاندنی کەسی بەرانبەر، بە ئاشکرا یان بە پەنهانی:

لە ئیسلامدا بە هیچ جۆرێک دروست نییە ئەنجامدانی کارێک کە ببێتە هۆی ترساندنی بەرانبەر، با ئەو کارە هەروا بە سوعبەت و شۆخی و بێ مەبەستیش بێت، چونکە پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموویت: (مَنْ حَمَلَ عَلَيْنَا السِّلَاحَ فَلَيْسَ مِنَّا)[٧]

زانایانی ئیسلام بەتێکڕا فەرموویانە: هەر کەسێک ئامێرێکی شەڕ هەڵگرێت لەسەر کەسێکی تر ئەوا لە سوننەتی پێغەمبەر و ڕێبازەکەی دوورە، خۆ ئەگەر ئەو کارەی بە دروست زانی ئەوا دەمودەست پێی بێباوەڕ دەبێت[٨]، هەروەها دەڵێن: ئایەتی پیرۆزی:

(يَعْلَمُ خَائِنَةَ الأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ)[٩]

مەبەستی ئەو چاوەیە کە ئاماژەی خیانەتکاری و ترساندن ئەنجام دەدات[١٠] .

---

٧. (صحيح البخاري، كتاب الديات، برقم (٦٨٧٤ ) عن (ابن عمر). وە بەم ریوایەتانەی تریش هاتووە: (( من سل علينا ..)) كما في صحيح مسلم عن سلمه، وعند البزار ((من شهر علينا ..)) عن (أبي برده)، وعند أحمد: ((من رمانا بالنبل..)) عن (أبي هريرة)، وعند (الطبراني): ((من رمانا بالليل..)) بنوارە: (فتح الباري شرح صحيح البخاري للعسقلاني: ١٣/ ٢٤ ).

٨. بنوارە: (شرح النووي على صحيح مسلم: ٢/ ١٠٧، شرح العسقلاني على صحيح البخاري: ١٣/ ٢٤ ).

٩. (سورة غافر: ١٩).

١٠. بنوارە: (تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن: ٧/ ٤٠).

هەر لەو رووەیشـەوەیە چیرۆکەکەی عەبدوڵلای کوڕی ئەبی سـەرح کە پێش موسڵمانبوونی یەکێک بوو لە سەرکردە کافرەکانی قورەیش، ئەوە بوو کە گیـرا لە رزگـارکـردنی مـەککەدا پیـاوێک لـە (أنصـار) ویستی حـەزرەت (دروودی خـوای لەسـەر بێت) بە چاوی ئاماژە بکات بەمـەبەسـتی کوشتنی! پێـغـەمـبـەر (دروودی خـوای لەسـەر بێت) دڵتـەنگ و بێـزار بوو لە پێشنیازەکەی، بۆیە فەرمووی:

(إنّ النبيّ لا ينبغي أن تكون له خائنة الأعين)[11]

واتە: هەرگیز ناشێت و ناگونجێت بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) کە ئاماژەی خیانەتاویی ناجۆر بە چاوەکانی ئەنجام بدات «با لە دژی سەرکردەیەکی کافریش بێت»!

کەواتە: دروست نییە ئەنجامدانی هیچ کارێکی دزێوو نامـۆو چەپەڵ و دوور لە قورئـان و سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لە سەر بێت) بە هەر ناو و لە ژێر هەر پەردەیەکدا بێت.. هەروەها ئیسلام بە دروستی نەزانیوە بەزۆر خەڵک بخرێتە سەر دینی خوا، وە هیچ زۆرەملێیەک نییە بۆ سەپاندن و وەرگرتنی خودی ئیسلام، وەک خوای گەورە دەفەرموێت:

(لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ)[12]

هەروەها بۆ ئەوەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) بەردەوام بێت لەسـەر نەرمـونیـانیی خـۆی لە بانگەشـەکـەیدا و لە رووی ئامـۆژگـارییـەوە قورئان لە رووی خیتابەوە پێی دەفەرموێت:

(وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لآمَنَ مَنْ فِي الأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ)[13]

---

١١. بنوارە: (المستدرك على الصحيحين للحاكم: ٣/٤٧ برقم (٤٣٦٠ ) عن مصعب (رضي الله عنه).

١٢. (سورة البقرة: ٢٥٦ ).

١٣. (سورة يونس: ٩٩).

واتە: دروست نییە خەڵکی بەزۆر و توندوتیژی بکرێنە بڕوادار، چونکە ئیسلام تەواوی ئازادیی بیرکردنەوەی داوە، وەک لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت:

(وَقُلِ الحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ)[١٤]

واتە: رای گەیێنە پێیان کە راستی و دروستی تەنیا لای پەروەردگارتانەوەیە، خەڵکی ئازادن، ئەوەی بڕوا دێنێ بەئیسلام و ئەوەیش بەبێباوەڕی دەمێنێتەوە.. ئەوا لە پاشەڕۆژدا خۆی بەرپرسیارە، چونکە ئیسلام خەڵاتێکی خوایی گەورە و جەوهەرێکی زۆر نایابە هەموو کەس شایستەی ئەو خەڵاتە نییە، پێویستە مرۆڤەکان شایستە و خۆشحاڵ و سوپاسگوزار بن..

تەنانەت زانایانی شەرع دەڵێن: ئەگەر ئیکراهی شەرعی پەیدا بوو ئەوا هیچ جۆرە حوکمێکی شەرعی لەسەر کەسی زۆرلێکراو جێگیر نابێت، لەوانە: تەڵاق و نیکاح و جۆرەکانی گرێبەست و مامەڵەو..هتد[١٥] .

هەروەها پێغەمبەر (دروودی خوای لە سەر بێت) دەفەرمووێت:

(مَنْ أَخَافَ أَهْلَ الْمَدِينَةِ ظَالِماً أَخَافَهُ اللَّهُ، وَكَانَتْ عَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلاَئِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ، لاَ يُقْبَلُ مِنْهُ عَدَلٌ وَلاَ صَرْفٌ)[١٦]

واتە: هەر کەسێکی ستەمکار خەڵکی ناو شاری مەدینە بترسێنێت، ئەوا خوای گەورە دەیترسێنێتەوەو بەر نەفرەتی خودا و فریشتەکان و تێکڕای

---

١٤. (سورة الكهف: ٢٩).

١٥. بنواڕە بۆ زیاتر بەرچاوروونیی ئەم سەرچاوانە: (الأم، كتاب الإكراه، للإمام الشافعي: ٢٣٦/٣، تفسير القرطبي (الجامع لأحكام القرآن): ١٠/١٨٣-١٩٠، فتح الباري شرح صحيح البخاري للعسقلاني: ١٢/٣١٣).

١٦. (رواه أحمد في المسند: ٣٩٣/٣ عن (السَّائِبَ بْنَ خَلاَّدٍ) (رضي الله عنه) ، وأخرجه أيضا ابن حبان في صحيحه: ٥٥/٩ برقم ( ٣٧٣٨)، والبيهقي في السنن الكبرى: ٤٨٣/٢).

خەڵکی دەکەوێت..هتد «کە بێگومان مەبەست لە شاری مەدینە (لەگەڵ گەورەیی و پیرۆزیی ئەو شارەدا) هەموو شوێنێکی ئاوەدان بە خەڵکی دەگرێتەوە..».

بۆیە لە ریوایەتێکی تردا هاتووە: هەر کەسێک کەسێکی باوەڕدار بتۆقێنێت، خوای گەورە، هەرگیز هێمنی ناکاتەوە لە مەترسییەکانی دوارۆژ وەک دەفەرمووێت:

(من أخافَ مؤمناً بغير حقّ، كان حقاً على الله أن لا يؤمنه من إفزا ع يوم القيامة، جزاءً وفاقاً)[١٧]

تەنانەت کوشتن و ترساندنی گاور و جوولەکە کە ئەهلی زیممە بن یان موعاهەد، دروست نییە با کافریش بن! پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت:

(من قَتَلَ مُعاهداً لم يرحْ رائحة الجنّة، وإن ريحها تُوجدُ من مسيرة أربعين عاما)[١٨]

واتە: «هەر کەسێک خاوەن کتێبێکی ئاسمانیی پەیماندار یان پەنادراو لە نێو موسڵمانان‌دا بکوژێت، هەرگیز بۆن خۆشی بەهەشت هەست پێ ناکات، کە لە دووریی چل ساڵ ڕێگەوە هەسی پێ دەکرێت»!

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە کە هەر کەسێک ئەو تاوانە ئەنجام بدات ئەوا گاڵتەی کردووە بە زیممەت و پەیمانی خوا (جلّ جلاله) وەک دەفەرمووێت:

(ألا من قتل نفساً معاهدةً له ذمة الله وذمة رسوله، فقد أخفر بذمة الله، فلا يرح رائحة الجنة، وإن ريحها ليوجد من مسيرة سبعين خريفا)[١٩]

١٧. (أخرجه السيوطي في الجامع الصغير عن ابن عمر (رضي الله عنهما) ينظر: فيض القدير للمناوي: ٦/٤١)

١٨. (رواه البخاري في صحيحه: ٣/ ١١٥٥ برقم (٢٩٩٥) عن عبد الله بن عمرو (رضي الله عنهما).

١٩. (رواه الترمذي في السنن، باب ما جاء فيمن يقتل نفساً معاهدة: ٤/ ٢٠ برقم (١٤٠٣) عن أبي هريرة (رضي الله عنه).

## ب- تۆقاندنی کۆمەڵە مرۆڤێک:

بێگومان ئەوەی لە بڕگەی پێشوودا باسمان لێوە کرد، دەشێت بکرێتە بنەما بۆ ئەم بڕگەیەیش، واتە لە شەریعەتی ئیسلامدا پاراستنی مافی تاکەکان، پاراستنی مافی کۆمەڵگەیە، وە پێچەوانەکەیشی هەر راستە، کەواتە: هەموو جۆرە تۆقاندن و کاولکردن و شێواندن و تێکدانێک، کە بەرانبەر یەک کەس دروست نەبێت، بەرانبەر بە کۆمەڵێک زیاتر دروست نییە و سزاکەیشی توندترە چونکە کاریگەرییەکەی بەرفرەوانترە، وە تیرۆریست لە زاراوەی ئیسلامدا وەک لە پێشتر باسمان کرد بە تاقمی: (موفسیدانی سەر زەوی) ناسراون،

واتە: ئاژاوەگێڕانی سەر زەوی، وە چەندین سزای توندیان بۆ بڕیار دراوە لە دنیا و پاشەڕۆژدا، کە سزاکان بە پێی حاڵەتەکان دەگۆڕدرێت، بۆ ئەوەی ببنە عیبرەت و کەس جورئەتی ئەو تاوانانە نەکات، وە لە نێو کۆمەڵگەدا سەرشۆڕو ریسوا ببن لە دنیادا و لە قیامەتیشدا سزایەکی زۆر سەختتر چاوەڕوانیانە (خوا پەنامان بدات)، وەک قورئانی پیرۆز دەفەرمووێت:

(إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأُرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الأُرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الأُخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ)[٢٠]

هەروەها سزای شەرعی بەرانبەر کاری تیرۆریستانی سەردەم، لە تۆقینەرانی تاک و کۆمەڵگە و میللەت.. دەتوانرێت لەم ئایەتە پیرۆزەدا هەڵێنجێنرێت، کە ئەو ئایەتە لای زۆربەی زانایانی ئیسلام لەسەر یاخییان و گێرەشێوێنانی بەناو موسڵمان یان پاشگەزبووان لە ئیسلام نازڵ بووە، کە لە بنچینەدا لەسەر کۆمەڵێک ئەعرابی بەناوی: (عُکل و عُریمة) هاتە

٢٠. (سورة المائدة : ٣٣).

خـوارەوە، کـە ئەو تاوانە گەورەیان ئەنجام دا بەرانبـەر بەکۆمـەڵە شـوانێکی مـوسـڵـمـان، پاشـان پێغەمـبـەر فـەرمـانی گرتنی دان و سـزای (المحـاربین)ی بەسـەردا دان، وەک رووداوەکە بە درێژی لە سەحیحی بوخـاریدا هـاتووە[٢١]، پاشـان لای زانایانی شـەرع ئەو سـزایە ناسـرا بە سـزای: (المحـاربین) یاخـۆ (گێرەشـێوێنانی سەر زەوی) جا یەکسانە ئەو فـەسـادە لە ناو شار ئەنجام بدەن یاخۆ لە دەشت و دەر بەرانبەر تاکە کەسێک بێت یاخۆ زیاتر[٢٢] .

هـەروەهـا ئـەو سـزایانەیش بـەم پێـیـەیە: ئەگـەر تۆقـێنەران تەنیـا هـەر خـەڵکیـان لە رێگەوباندا دەترســاند، ئەوا دوور دەخـرێنـەوە بۆ وڵاتێکی دوورەدەست لە جـێگەی خـۆیـان، یان زیندانی دەکـرێن، وە ئەگـەر لەگـەڵدا تاڵانیشـیان دەکرد، ئەوا دەست و قـاچیان بە راست و چەپ دەبڕدرێت، بۆ ئەوەی بکرێنە عـیـبـرەت، خـۆ ئەگـەر لەگـەڵ ئەوانەشـدا کـوشـتـاریشـیـان دەکـرد، ئەوا دەکـوژرێنەوەو تا مـاوەیەکـیش لە خـاچ دەدرێن بەهـەمـان مـەبەست، بەڵام ئەگـەر تەنیـا خـەڵکی بکوژن ئەوا دەکـوژرێنەوە لـە تۆڵەی کوژراوەکاندا[٢٣] .

هـەروەهـا زۆربەی زانایانی ئیسلام بەتایبەت هـەر چوار پێشەوای ئیسلام (ئەبو حـەنیفـە و مـالیک و شـافیـعی و ئەحمـەد) کۆک و یـەک دەنگن لەسـەر ئەوەی کە ئەگەر کۆمـەڵێک کـەس بەشـدار بن لە کوشـتنی بێتـاوانیی تەنیـا یەک کـەسدا، ئەوا لە روانگەی: (داخستنی بەهانە)وە تەواوی بەشـداربووان بەو کەسـە دەکوژرێنەوە کە ناسراوە لە شـەریعەتدا بە:

---

٢١. بنوارە: (صحيح البخاري: ٦ / ٢٤٩٥ برقم (٦٤١٧) عن أنس بن مالك (رضي الله عنه) .

٢٢. بنوارە: ( تفسير التحرير والتنوير لابن عاشور: ٥ / ٩١).

٢٣. بنوارە بۆ شارەزاییی زیاتر: (جامع البيان في تفسير القرآن للطبري ٢١٨/٦، المحلى لابن حزم ٤٢/١١، ٣٠١، شرح النووي على صحيح مسلم: ١٥٣/١١، تفسير القرطبي ١٤٨/٦–١٥١، نيل الأوطار للشوكاني ٣٣٦/٧ ).

((قتل الجماعة بالواحد))[24] .

جێگەی باسە کە ئیسلام نەک هەر تیرۆر و تۆقاندنی حەرام کردووە، بگرە کۆمەڵێک یاساو ڕێسای ڕەوشتی تۆکمەو بنەڕەتی دامەزراندووەو بە پێویستیشی زانیوە لەسەر موسڵمانان کە پەیڕەوی لێ بکەن، کە بریتین لە بنەماکانی: ((التخلي عن الرذائل والتحلي بالفضائل)) واتە: وازهێنان لە ڕەوشتە خراپەکان، هەروەها خۆرازاندنەوە بە ڕەوشتە جوانەکان، «کە زانستی تەسەوف گرینگیی زۆری پێداوە، وە لە نموونەی خراپەکان: (درۆ، غەیبەت، بوهتان، چاوچنۆکی، بەخیلی، خودپەسندی، دەمارگیری، ئیرەیی و لووت بەرزی، دەمپیسی، داوێنپیسی، ستەمکردن، تۆقاندن، حەسادەت بردن، دڵڕەقی و تووڕەیی، دووزوبانی، دووڕوویی، هەڵپەکردن و..هتد).

هەروەها لە نموونەی ڕەوشتە جوانەکان: (خۆڕاگری، سینەفراوانی، شەرم و حەیا، ڕێزگرتن، یارمەتیدان، هاوکاریکردن، ملکەچی، میهرەبانی، بەزەیی، لەخۆبردن، گوفتارو ڕەفتار شیرینی و..هتد)[25] .

## ج- تۆقاندنی نەتەوەیەک یان میللەتێک بە تێکڕا:

بێگومان لە ئیسلامدا مافی هەموو نەتەوە و میللەت و قەومێک دیاری کراوەو ڕێزی لێ گیراوە، هەروەها قورئانی پیرۆز هانی تێکڕای خەڵکی دەدات بەبێ جیاوازی، کە لە یەکتر نزیک ببنەوەو یەکتر بناسن و سوودمەند بن بەیەکتر و لە بەرژەوەندی یەکدیدا هاوکارو هاوڕاز بن، وەک لە چەندین

٢٤. بنواڕە: تفسير القرطبي: (الجامع لأحكام القرآن): ٢/٢٥١ والفقه الإسلامي وأدلته، د. وهبة الزحيلي: ٧ / ٥٤٩، کە بە درێژی باسیان لێوە کردووە.

٢٥. ئەم بابەتانە و بابەتەکانی تری پەیوەندیدار بە ڕەوشتبەرزی و گرینگیدان بە خۆپاڵفتەکردنی نەفس و پاک ڕاگیرکردنی دڵ و دەروون، لە زانستی پیرۆزی ناسراو بە (تەسەوف)دا گرینگیی پێ داوە، وە بۆ زیاتر شارەزایی لەو بوارەدا بنواڕە: (مدارج السالكين شرح منازل السائرين لابن القيم: ٢/٣٠٧، ٣١٦، الآداب الشرعية والمنح المرعية لابن المفلح المقدسي: ٣ / ٥٢٧).

ئایەتدا ئەو واتاو فەرمانانە دووپات کراونەتەوە لەوانە ئایەتی پیرۆزی:

١- (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)[٢٦]

٢ـ هەروەها فەرمانی خوایی لە ئایەتی پیرۆزی:

(وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ)[٢٧]

هەروەها لە ئیسلامدا دروست نییە بۆ هیچ قەوم و میللەتێک گاڵتە بکات بەبەرانبەرەکەی، یان بەکەمتر لە خۆی سەیری بکات، یان تەشهیری پێ بکات و سومعەی ناشیرین بکات، یاخۆ خراپەی بداتە پاڵ، وەک خوا دەفەرمووێت:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لاَ يَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَوْمٍ عَسَى أَنْ يَكُونُوا خَيْرًا مِنْهُمْ وَلاَ نِسَاءٌ مِنْ نِسَاءٍ عَسَى أَنْ يَكُنَّ خَيْرًا مِنْهُنَّ وَلاَ تَلْمِزُوا أَنْفُسَكُمْ وَلاَ تَنَابَزُوا بِالأَلْقَابِ بِئْسَ الاسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الإِيمَانِ وَمَنْ لَمْ يَتُبْ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ)[٢٨]

هەروەها نابێت کەس لووتبەرزی بەسەر کەسدا بنوێنێت، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لەبارەی یەکسانیی مرۆڤەکانەوە دەفەرمووێت:

(الناسُ كُلُّهُمْ بَنُو آدَمَ وَآدَمُ خُلِقَ مِنْ تُرَابٍ)[٢٩]

واتە: هەموو کەس لە رەچەڵەکی ئادەمن و ئادەمیش (علیه السلام) پەروەردگار لە گڵ دروستی کردووە.

هەروەها لە وتارە بەناوبانگەکەی (حجة الوداع) یدا (دروودی خوای لەسەر بێت) ئامۆژگاریی تێکڕای موسڵمانانی کرد و فەرمووی: » ئەی

---

٢٦. (سورة الحجرات: ١٣).

٢٧. (سورة المائدة: ٢).

٢٨. (سورة الحجرات: ١١).

٢٩. (رواه الترمذي في السنن، كتاب المناقب، ٥/ ٧٣٤ برقم (٤٣٣٦ ) عن أبي هريرة (رضي الله عنه).

خــەڵکینە! ئاگــاداربنەوە، خــواتـان یەک خــوایە، واتە (اللە) یە، وە یەک باوکــیــشــتــان هــەیە، (واتە: ئـادەم کــە تێکڕاتـان دەگــەڕێنەوە ســەری) ئاگـاداربنەوە! کە هیـچ بەرزی و گەورەییـیـەک نیـیە بۆ کـەسێکی عـەرەب بەسەر کەسێکی عەجەم (واتە غەیرە عەرەب)، وە بە پێچەوانەیشەوە، وە بۆ ســوورێک بەســەر رەشـێکدا یان بە پێـچــەوانەوە، مــەگــەر بە تەقــواو لە خـواترسـان، ئاخـۆ گەیانـدم؟... پاشـان فـەرمـووی: بزانن کە خـوای گەورە لەنێو ئێوەدا خـوێن و ماڵ و شەرەفتانی حـەرام کردووە، وەک حەرامکردنی ئەم رۆژە لـەم مـانـگەدا لەم شــارەتانـدا (واتە مــەککە). بـا ئەوەی ئامــادەو گـوێبیستی ئەم ئامـۆژگـاری و وەسێتانەیە بیگەیەنێت بەوانەی کە ئامـادە نەبوون.[٣٠]

کـەواتە: هـەمــوو ئەو تۆقـاندن و تیــرۆر و ترســاندنانەی کــە لێـرەو لەوێ بەناوی پیـرۆزی ئیـسـلامـەوە ئەنجـام دەدرێت و خـوێن و مـاڵ و کـەرامـەتی خـەڵکی بێـتـاوانـی تیـایدا حـەڵاڵ دەکـرێت، خـواو پێـغـەمبـەرەکـەی (درودی خوای لەسەر بێت) لەو کردەوانە بەریین!

هـەروەهـا ئەو رەفــتــار و گــوفــتــارە چـەوتانـەی لەم رووەوە هـەندێک لە دەمارگیرە بەناو مـوسـڵمـانەکانی چواردەورەوە دەکرێت و دەوترێت بەرانبەر میللەتی کـورد، کە پێیـان وایە کورد خزمـەتکاری ئەوانـە و هـاووڵاتیی نمرە دووە و.. هتد، ئەم هـەڵوێستانەیان دوورە بـەتەواوی لە جەوهـەر و بنەمـاکانی ئیسلام و سـەرچاوەکانی شـەریعەت، وە هـەر تۆقـاندن و ترساندنێک تەنانەت هـەر بە کـەم تەمـاشـاکـردنێک لە هــەر کـەس و لایەن و قـەوم و نـەتەوەیەک بۆ بەرانبـەرەکـەی، لـە ئیـسـلامـدا نـاڕەوایە و بە توندی مـەحکوم کـراوە .. بۆیە پێویسـتـە لەسـەر هەر کـەسێک کـە خـۆی بە مـوسـڵـمـان دەزانێک دەست لەو رەفـتـارە چـەوتانە هەڵبگرێت، ئەگـەر نا بـا چیی تر خـۆی هـەڵنەواسـێت بەو ئاینە پیرۆزەوە.

٣٠. (رواه أحمد في ـ المسند ـ ، برقم ( ٢٤٢٠٤ ) عن أبي نضرة (رضي الله عنه) .

له بەرانبەریشدا هەر کەسێکی نەفامی بەناو رۆشنبیر لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا تەشهیر و سووکایەتی بە دەقێکی ئیسلام یاخۆ بەها پیرۆزەکانی موسڵمانان بکات بە هەر بەهانەیەک و لە هەر بارو دۆخێکدا بێت دیسان لە چوارچێوەی تیرۆر و تۆقاندن هەژمار دەکرێت و پێویستی سەر شانی لایەنە پێوەندیدارەکانە سنوورێک بۆ ئەو جۆرە رەفتارو گوفتارە چەوتە نا مەسئوولانە دابنێن و ریسوا و مەحکومی بکەن، چونکە لایەنی کەم توندوتیژی بەرانبەری لێ دەکەوێتەوەو ئاسایشی وڵات بەهۆیەوە تێک دەچێت.

## د- تیرۆری ئابووری:

جۆرێکی تر لە تیرۆر تیرۆری ئابوورییە، وە ئەرکی حکوومەتە ئاسایشی ئابووری فەراهەم بێنێت و بۆ هیچ کەسێک نییە هۆکار بێت یان رێگر بێت لە گەیشتنی رزق و رۆزی بەخەڵکی بە شێوازێکی دروست و ئاسایی، با هەر بیر و باوەڕێکی هەبێت، بە تایبەت پێداویستییە هەنووکەییەکانی ژیان، چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت: « خەڵکی هاوبەشن لە سێ شتدا: ئاو، لەوەڕ، ئاگر»[٣١] وە لە ریوایەتێکی تردا چوارەمیشی هاتووە، کە برێتییە لە (خوێ) [٣٢] .

کە بێگومان ئەو چوار جۆرەش سەرچاوەی هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤن، تەنانەت پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت:

٣١. (رواه ابن عبد البر في التمهيد: ١/١٩ والحارث في مسنده: ١/٥٠٨ برقم (٤٤٩)، عن أبي هريرة (رضي الله عنه)، وأخرجه ابن ماجه في سننه، كتاب الرهون برقم ( ٢٥٦٦) عن ابن عباس (رضي الله عنهما).

٣٢. (ولفظه عند البيهقي في السنن الكبرى بتحقيق محمد عبدالقادر عطا:(٦ / ١٥٠) برقم (١١٦١٠ ) عن بهيسة عن أبيها (رضي الله عنهما) قالت: استأذن أبي النبي (صلي الله عليه وسلم) فدخل بينه وبين قميصه، فجعل يقبل ويلتزم، ثم قال يا نبي الله: ما الشيء الذي لا يحل منعه؟ قال الماء، قال: يا نبي الله ما الشيء الذي لا يحل منعه قال الملح..».

«عذبت امرأة في هرة سجنتها حتى ماتت فدخلت فيها النار لا هي أطعمتها ولا سقتها إذ حبستها ولا هي تركتها تأكل من خشاش الأرض»[٣٣] .

واته: «پیرەژنێک لەلایەن پەروەردگارەوە (جلّ جلاله) سزا درا و خرایە دۆزەخەوە لە سەر ئەوەی کە پشیلەیەکی بەند کردبوو نە خۆی خواردن و خواردنەوەی پێ دەدا نە بەرەڵایشی دەکرد کە بۆ خۆی لە گژوگیای زەوی بخوات بەو شێوە هێشتییەوە تا مردار بووەوە».

بەو پێیە دەردەکەوێت کە لە ئیسلامدا هەموو جۆرە فشار و ئابڵوقەیەکی ئابووری ناڕەوایە هەروەها نادروستە دانانی ئابڵوقە لەسەر میللەتانی بێدەسەڵات، ئەگەرچی بە بەهانەی تەمێکردنی حکوومەتە ستەمکارەکانیشیان بێت، چونکە کەس گوناهی کەس هەڵناگرێت و نابێت کەسێکی بێتاوان بە ئاگری کەسێکی تاوانکار بسووتێت، وە کەس تاوانی کەسێکی تر هەڵناگرێت، وەک خوای گەورە دەفەرمووێت:

(وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى)[٣٤]

بگرە پێویستە ئابڵوقەکە لەسەر سەرانی حوکمڕان دابنرێت، چونکە مێژوو سەلماندوویەتی کە ئابڵوقەی ئابووریی سەر میللەتان نەک کاریگەر نابێت لەسەر حکوومەتە ستەمکارە دیکتاتۆرەکان، بگرە بەهێزتریان دەکات.

لە نموونەی تیرۆری ئابووری: ئەو ئابڵوقە ئابوورییە سەرتاسەرییە نامرۆڤانەی کە حکوومەتی ئەوسای بەعسییە فاشیستەکان خستبوویانە سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بەبێ هیچ تاوانێک:

(وَمَا نَقَمُوا مِنْهُمْ إِلاَّ أَنْ يُؤْمِنُوا بِاللَّهِ الْعَزِيزِ الحْمِيد)[٣٥]

---

٣٣. (رواه البخاري في صحيحه، كتاب المساقات (٣ / ١٢٨٤) برقم (٣٢٩٥) عن ابن عمر (رضي الله عنهما).

٣٤. ( سورة الإسراء: ١٥).

٣٥. (سورة البروج: ٨).

هەروەها وەک داخستنی ناوبەناوی مەرزە دروستکراوەکانی نێوان کوردستانی باکورو باشوور، یان رۆهەڵات و باشوور بەبێ هیچ پاساوێکی دروست، خوای گەورە لەبارەی ئەو ستەمکارانەوە دەفەرمووێت:

(وَلاَ تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الأَبْصَارُ)[٣٦]

واتە: وا گومان مەبەن کە پەروەردگار (جل جلاله) ئاگەدار نییە لە تاوانی ستەمکاران، بەڵام سزادانی توندیانی هەڵگرتووە بۆ رۆژێک کە تیایدا چاوەکان بەرەو سەر ئەبڵەق دەبن ..

بەڵێ: تەفرەیان دەدات بۆ سزای رۆژێک (کە رۆژی قیامەتە) تیایدا چاوی تاوانبارانی زەق و سپی بەرەو پشتی سەر هەڵدەگەڕێت لە هەیبەت و بیم و سزا .. خوا پەنامان بدات..

هەروەها لە نموونەی تیرۆری ئابوورییە: کۆکردنەوەو خڕکردنەوەی سەرمایەی زۆر لە رێگەی چەوت و نا مەشرووعەوە، لای هەندێک لە دەوڵەمەندە بێ ویژدانە چاوچنۆکەکان، کە بەویستی خۆیان مامەڵە بە ئابووریی وڵات و گاڵتە بە هەست و نەستی هەژاران دەکەن و پاڵەپەستۆیان دەخەنە سەر لە رێگەی (إحتکار)ەوە، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت: «ئەو کەسەی ئیحتیکار دەکات و رزق و رۆزی و شتومەک لە خەڵکی دەشارێتەوە لە دیوانی خوادا مەلعوون و نەفرەت لێکراوە»[٣٧] .

هەروەها فەلسەفەکەی کۆڵەکەی زەکات لە ئیسلامدا بریتییە لە نەهێشتنی سیستەمی چینایەتی و لابردنی ناعەدالەتی لەنێو کۆمەڵگەدا، کە سەرمایەکان بە تەنیا لای دەوڵەمەند کۆ نەبێتەوە ئەویش بە مەیلی خۆی

---

٣٦. (سورة إبراهيم : ٤٢).

٣٧. ( رواه ابن ماجه في سننه، كتاب التجارات، برقم (٢٢٣٦) عن عمر بن الخطاب (رض).

هەژار و پاڵە و نەدار بەکار بهێنێت و گاڵتە بە کەرامەتیان بکات و ئابووری وڵات بڕووخێنێت، وەک قورئان دەفەرموێت:

(كَيْ لاَ يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ)[٣٨]

بۆیە ئیسلام زەکاتی لەسەر دەوڵەمەندەکان فەرز کردووە لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگەی یەکسانیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی کە لە دەوڵەمەند وەردەگیرێت بە مەرجەکانی و دەدرێتەوە بە نەدارو لێقەوماوان، کە لە هەشت تاقمدا دیاری کراون لە قورئانی پیرۆزدا کە بریتین لە: نەدار، هەژار، قەرزار، لێقەوماو، کرێکار، کۆیلە، دڵ ڕاگیرکراو، تێکۆشان و کاری خێر، وەک دەفەرموێت:

(إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)[٣٩]

هەروەها لە پێناو هەمان مەبەستدا هانی دەوڵەمەندەکانی داوە بۆ هاریکاریکردنی هەژار و بێ لانەو کەم دەستەکان وە پاداشتی نەبڕاوەی بۆ دیاری کردوون، وەک دەفەرموێت:

(آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأَنْفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُمْ مُسْتَخْلَفِينَ فِيهِ فَالَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَأَنْفَقُوا لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ)[٤٠]

کەواتە: هەموو جۆرە رەفتارێک کە ئابووری لە خەڵک بشێوێنێت بە تیرۆری ئابووری دەژمێردرێت، و ئیسلام بەتوندی مەحکومی دەکات.

### هـ- تیرۆرکردنی هزر و فیکر و عەقڵ:

بێگومان ئەم جۆرە تیرۆرە لە ترسناکترین جۆرەکانی تیرۆر دادەنرێت، کە بەردەوام دوژمنان لەم دەرگەیەوە توانیویانە مێشکی لاو و هەرزەکان

٣٨. (سورة الحشر: ٧).

٣٩. (سورة التوبة: ٦٠).

٤٠. (سورة الحديد: ٧).

تێکبدەن و بشێوێنن و بیانکەنە کۆیلەی ئارەزووەکانیان و شوێنکەوتوویەکی تێنەگەیشتووی ئەوان بن، وە تۆوی تیرۆر و تۆقاندن و توندڕۆیی لە دەروونیاندا بڕوێنن، بە گرتنەبەری ڕێگەی جۆراو جۆر، لەوانە: مادە بێهۆشکەرەکان، بە شێوازیک کارە قێزەونەکانیان لا شیرین دەکەن و بەیارمەتی شەیتان لایان دەڕازێننەوە وەک قورئان ئاماژەی پێ کردووە و دەفەرمووێت:

(وَلَكِنْ قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ)[41]

کەچی لە راستیدا ئەو گەنجە داماوانە هەڵخەڵەتاون و تاڵاوی تیرۆر لە تیرۆرکردنی مێشک و هەست و ئیرادەیانەوە دەست پێ دەکات، وە بەکوشتن و لەناوچوونی جەستەیان لە دنیادا بەکۆتا دێت، و بە سزاو تۆڵەی هەتاهەتاییی دۆزەخیش سەرلەنوێ دەست پێدەکاتەوە (خوا پەنامان بدات).

## و- تیرۆرکردنی خاک و نیشتمان و ڕووەک و گیانلەبەران:

بەدیدی بەرفراوانی ئیسلام، کاری تیرۆر هەر لە مرۆڤدا نامێنێتەوە، بگرە تیرۆریستان و ستەمکاران بە درێژاییی مێژوو هەر کات دەسەڵاتیان داگیر کردبێت، سەرەڕای کوشتار و تاڵانی و.. هتد، هەوڵی تێکدان و شێواندنی خاک و دیموگرافیای وڵاتە داگیرکراوەکەشیان داوە و سیاسەتی (ئاگر و ئاسن و زەویی سووتێنراو)یان پیادە کردووە، تەنانەت درەخت و ڕووەک و گیانلەبەر و باڵندەکانیشیان تیرۆر کردووە، وەک خوای گەورە باسی ئەو جۆرە ستەمکارە دڕندانەمان بۆ دەکات و دەفەرمووێت:

(وَإِذَا تَوَلَّى سَعَى فِي الأَرْضِ لِيُفْسِدَ فِيهَا وَيُهْلِكَ الحَرْثَ وَالنَّسْلَ وَاللَّهُ لاَ يُحِبُّ الْفَسَادَ)[42]

واتە: «ستەمکاران هەر کات حوکم و دەسەڵاتیان کەوتە ژێر دەست،

---

٤١. (سورة الأنعام: ٤٣).

٤٢. (سورة البقرة: ٢٠٥).

هەڵپە دەکەن لەسەر زەوی و دەستبەجێ گێرەشێوێنی و ئاژاوە و گەندەڵی بەرپا دەکەن وە هەوڵی قەڵاچۆکردنی ژیان دەدەن بەکێڵگە و مرۆڤەوە، تەنانەت تۆوی مرۆڤەکان قەڵاچۆ دەکەن تەنیا لە پێناو مانەوەی خۆیان و دەسەڵاتە ناشەرعییەکەیان، کە بێگومان پەروەردگار ئەمەی پێ رەوا نییە و هەرگیز لێیان قەبووڵ ناکات و سزای توندیان دەدات».

لە نموونەی ئەم جۆرە تیرۆرە کوردستان بە گەل و کولتوور و شارستانییەت و گیاندار و رووەک و پەلەوەر و خاک و نیشتمانیەوە بە درێژایی مێژووی پڕ نەهامەتیی خۆی بەردەوام ناڵاندوویەتی بەدەست ستەمکار و چەوسێنەری دڕندەترین حوکمی شمولی دیکتاتۆری لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لە هەر چوار بەشی داگیرکراوی کوردستان، وە تا ئەم بەروارەیش سێ پارچەی هەر دەناڵێنێت..

باسی دووەم

# هۆکارەکانی تیرۆر لە روانگەی ئیسلامەوە

## خاڵی یەکەم
## تەفسیر و ڕاڤەی ئیسلام بۆ سەرهەڵدانی تیرۆر

ئەڵبـەتە هۆکـار لە دروسـتـبـوونی تیـرۆر زۆرە، بەو پێـیـەی کە دیاردەیەکی نێودەوڵەتیـی مێژووییـە و ریشێکی ریشـەیی یەکجـار قـووڵی داکوتراوی هەیە لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، لەبەر زۆر هۆکار لەوانە: جیـاوازیی جۆرەوجۆری شارستانییەت و کولتوور و رەنگ و زمان و نەتەوە و ئاستی رۆشنبیرییان و جیاوازیی ئایدیۆلۆجیا و بۆچوونەکان لەمەڕ فەلسەفەکانی بوون و ژیان و مـردن و زیندووبوونەوە و مـادە و رۆح و جـیـهـانی لاهـووت و ناسـووت و تێکڕای کێشەکانی هەڵگیرساوی دەستی مرۆڤ، رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و نەتەوەیی و.. هتد.

ئەم کۆمەڵە جیاوازییانە لە بیر و بۆچووندا لە ئاستی رۆشنبیریدا لە خـودی داوونەریت و ژینگە و جـۆری پەروەردەبوون و فـەلسـەفـەکـانی رەوشت.. کـە جـیـاوازیی تێگەشـتنی مـرۆڤـەکـان بۆ تەوەر و بابـەتەکـان زۆرجـار بـووەتە هـۆی لێک تێنەگـەشتن و پاشـان لەیەک تووڕەبوون و رق لەیەکبوون و بەرەو ڕووبەڕووبوونەوە و بەگژیەکدا چوون و ئاژاوە و شـەڕ و کـوشـتـار و تۆڵەسـەندنەوە و.. هتد، کـە بەپێی تـەفسـیـری تێکڕای ئاینە ئاسـمـانییـەکان بە تایبـەت ئیسـلام لەنێو دوو کەسـدا لە سـەرەتاوە پەیدا بووە کە (قابیل و هابیل) بوون، هەردوو کوڕی باوکی ئادەمیزاد حەزرەتی (ئادەم) (درودی خوای لەسـەر بێت) ، کە کێشـەیان لەنێودا دروست بووە لە ئەنجـامـدا قـابیل هابیلی برای خـۆی دەکـوژێت و تیـرۆری دەکـات، وە بەدکـارییکەی دەبێـتـە سـەرمـەشق بۆ نەوەکـانی، وەک لە قـورئاندا

چیرۆکەکەیان هاتووە خوای گەورە دەفەرمووێت:

(وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الْآخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللَّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ * لَئِنْ بَسَطْتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَا بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لِأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ * إِنِّي أُرِيدُ أَنْ تَبُوءَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ وَذَلِكَ جَزَاءُ الظَّالِمِينَ * فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ)[٤٣]

هەروەها پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەر بێت) ئاماژەی بەو تاوانەی قابیل داوە و فەرموویەتی: هەتا رۆژی قیامەت هەر کوشتارێک لەنێو ئادەمیزاددا روو بدات بەشە تاوانێک بۆ قابیلیش دەنووسرێت، چونکە ئەو بوو یەکەم جار دەرگەی بیدعەتی کوشتار و تیرۆری دامەزراند، وەک دەفەرمووێت: (لاَ تُقْتَلُ نَفْسٌ ظُلْمًا إِلاَّ كَانَ عَلَى ابْنِ آدَمَ الأَوَّلِ كِفْلٌ مِنْ دَمِهَا، لأَنَّهُ كَانَ أَوَّلَ مَنْ سَنَّ الْقَتْلَ)[٤٤]

کەواتە: سەرەتای تۆقاندن بەپێی تەفسیری ئیسلام بەو شێوازە دەستی پێ کردووە، وە بەهەموو شێوازێکی گونجاو شەریعەتی ئیسلام بە پەندیاری و وتاری دروست لە تەک ئادەمیزاد بەگشتی و موسڵمانان بەتایبەتی دواوە لە پێناو رێگری لە تیرۆر و کوشتار هەروەها دووبارەنەبوونەوەی بەدکارییەکەی (قابیل)، بەڵام بەداخەوە مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ناو بەناو پێغەمبەران و رێپیشاندەرانیان بۆ رەوانە کراوە، بەردەوام لە سەرپێچیکردندا بووە و کەم تا زۆر کاری چەوت و نادروستی بە درێژاییی مێژوو ئەنجام داوە! کە هەندێکیان لە زاراوەی سەردەمدا بە (تیرۆر) و تۆقاندن ناسراون..

---

٤٣. (سورة المائدة: ٢٧–٣٠).

٤٤. ( الحديث متفق عليه عن ابن مسعود (رضي الله عنه)، ينظر: صحيح البخاري: ٣/(١٢١٣) برقم (٣١٥٧) وصحيح مسلم: ٥/ ١٠٦) برقم (٤٤٧٣).

هەروەها لە تەک زۆرێک لەو پێغەمبەرانەدا (سەلامی خوایان لەسەر بێت) خوا (جل جلاله) کتێب و ڕێنوێنیی ڕەوانە کردووە، بەمەبەستی هیدایەتی سەرپێچیکار بۆ سەر ڕێگەی ڕاستی هیدایەت و ئاشتی و پێکەوەژیان وە بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەریی هەردوو جیهان، وەک لەم ئایەتە پیرۆزانەی خوارەوەدا ئەو حەقیقەتانە بەرجەستە بوون و ڕوون کراوەتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:

١- (الر* كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ لِتُخْرِجَ النَّاسَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِ رَبِّهِمْ إِلَى صِرَاطِ الْعَزِيزِ الْحَمِيدِ)[٤٥]

٢- ( يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ) [٤٦]

هەروەها باسی ئەو سەرپێچییە بەردەوامەی مرۆڤمان بۆ دەکات کە هۆکاری دەگەڕێتەوە بۆ خودی مرۆڤە چەوتەکان کە ڕێگەی چەوتیان هەڵبژارد پاش ئەوەی کە ڕاستییەکانیشیان بۆ واڵا و ئاشکرا بوو، بەپێچەوانەی بڕوادارانەوە کە ڕێگەی ڕاست و هیدایەتیان هەڵبژارد، پەروەردگاریش پاداشتی دان لەسەری، وەک دەفەرموێت:

(كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلاَّ الَّذِينَ أُوتُوهُ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللَّهُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ)[٤٧]

---

٤٥. (سورة إبراهيم: ١) .

٤٦. (سورة يونس: ٥٧).

٤٧. (سورة البقرة: ٢١٣).

## حیکمەت لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانە

١- بۆ پەند و ئامۆژگاری لێ وەرگرتن، وەک قورئان دەفەرموویت:

(لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِأُولِي الْأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِنْ تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ)[٤٨]

٢- بۆ شەهادەتی پاشەڕۆژ، کە کەس نەڵێت نەمزانی و ئاگەداری ڕاستییەکان نەبووم، وەک قورئان دەفەرموویت:

(أَوْ تَقُولُوا لَوْ أَنَّا أُنْزِلَ عَلَيْنَا الْكِتَابُ لَكُنَّا أَهْدَى مِنْهُمْ فَقَدْ جَاءَكُمْ بَيِّنَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنْ كَذَّبَ بِآيَاتِ اللَّهِ وَصَدَفَ عَنْهَا سَنَجْزِي الَّذِينَ يَصْدِفُونَ عَنْ آيَاتِنَا سُوءَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُوا يَصْدِفُونَ)[٤٩]

بۆیە موسڵمانی ڕاستەقینەی گوێڕایەڵ هەردەم دوور دەوەستێت لە هەموو کارێکی نادروست کە ببێتە سەرچاوەی مەترسی بۆ بەرانبەرەکەی، لەو پێناوەشدا بەردەوام تەوژمی بەرانبەر، دوژمنایەتیی لە تەک کردووە و خستوویەتییە ژێر لافاوی تۆڵە و تۆقاندن، وە پێغەمبەران بەگشتی و پێغەمبەری خۆمان (دروودی خوای لەسەر بێت) بەتایبەتی، بەردەوام لەلایەن بێباوەڕەکانەوە هەموو جۆرە کارێکی تیرۆر و تۆقاندن ڕووبەڕوویان دەبووەوە، هەروەها لە تەک هاوەڵانیشدا، لە کوشتن و بڕین و گرتن و تاڵانکردن و سووتاندن و ئەشکەنجەدان و شاربەدەرکردن و.. هتد، مەگەر سیان لە چوار خەلیفە ڕاشیدەکەی ئیسلام بە تیرۆر شەهید نەبوون؟ لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەری بە بەزەیی (دروودی خوای لەسەر بێت) هەردەم دوعای هیدایەتی

---

٤٨. (سورة يوسف: ١١١).

٤٩. (سورة الأنعام : ١٥٧).

بۆ دەکردن و بەردەوام بۆ هیدایەتیان لە پەروەردگار دەپاڕایەوە دەیفەرمووو:

«اللهم اهد قومي، واغفر لهم فإنهم لا يعلمون»[50]

واتە: خوایە هیدایەت و ڕێنوێنیی هۆز و ئوممەتەکەم بفەرمووو، وە قەقریان لێ مەگرە و لێیان خۆش ببە، چونکە ئەوان نازانن کە من بۆ ڕێگەی سەرفرازیی هەتاهەتایی بانگهێشتنیان دەکەم. کەواتە جێگەی داخە کەسانێک ئەمڕۆ پەیدا بوون و لەبەر هەر هۆکارێکی ناوەکی یان دەرەکی، لە هەوڵی شێواندنی راستییەکاندان و دەیانەوێت تیشکی خۆر بە بێژنگ بگرن و ئیسلام بەتیرۆر و تۆقاندن بناسێنن، لە کاتێکدا کە ئیسلام و موسڵمانان بە درێژاییی مێژوو بە دەست تیرۆرەوە هاواریان بووە و ناڵاندوویانە!

**بەڵام لێرەدا پێویستیشە بگوترێت:**

چەندێک ناحەزانی ئیسلام ئەو تۆمەتانە تەحەممول دەکەن، ئەوەندەش و زیاتریش کەسانێکی بەناو موسڵمانی تێنەگەشتوو لە ئیسلام بەناو تەوژمی توندڕۆی سەلەفیی ئوسووڵی، تەحەممولی دەکەن و بەرپرسن لەو کارە تیرۆریستییانەی کە بە ناوی بێگەردی ئیسلامەوە دەکرێن و ئیسلام و موسڵمانانیش لێیان بەرین بەتایبەت لە کاتێکدا کە بە فەخرەوە دەیگرنە ئەستۆ و لە هەموو کەس و لایەنێکیش لە زۆربەی زۆری چالاکییەکانییاندا ئیسلام و موسڵمانان زەرەرمەندترن!

بۆیە ئینکاری ئەوە ناکرێت کە ئەو گرووپە توندڕۆیانەش بەرپرسن و پێویستە خەڵک لێیان ئاگەدار و ڕۆشنبیر بکرێت و نهێنییەکانیان ئاشکرا بکرێت.. بۆیە جێگەی خۆیەتی کە لەم دەرفەتە کورتەدا تیشک بخەینە سەر تەنیا ئەم گۆشەیە بەهۆی پسپۆڕیی تۆێژەر لەو بوارەداو لە روانگەی خاڵە لاوازەکانیان لە کاری بانگەشەو چالاکییەکانی تریان کە لە خوارەوە دەستنیشانمان کردووە.

٥٠. بنوارە: تفسير الطبري:(جامع البيان في تفسير القرآن): ١٠٢/١٩ و تاريخ الطبري (تأريخ الأمم والملوك): ١١٤/١، وتفسير القرطبي: (الجامع لأحكام القرآن) ٢٧٣/٨).

## خاڵی دووەم
## هۆکارەکانی تیرۆری بەناو ئیسلامی

**هۆکاری یەکەم: تێنەگەیشتن لە خودی ئیسلام و سەرچاوە و زاراوە و یاسا و بنەما ئوسووڵییە فیقهییە گشتییەکانی:**

ئەو گرووپە توندڕۆیانە بەدرێژایی مێژووی خۆیان زانیارییان لە هەموو رووییەکەوە کەم و دەگمەن بووە، چونکە وا فێر کراون کە تەنیا ئاگەداری کۆمەڵێک نامیلکە و بڵاوکراوەی تایبەت بە رێکخراوەکانیان هەبێت و هیچی تر، تەنانەت بۆیان نییە هیچ جۆرە ئەدەبیات و ڕای بەرانبەر و بۆچوونی تر بخوێننەوە، نەوەک کاریگەر بێت لەسەر هەست و بیروباوەڕیان! وە جۆرەکانی تێنەگەیشتنیان زۆرە لەوانە:

**أ- تێنەگەیشتن لە واتای ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت):**

بەشێوەیەکی گشتی هەرزە و ناشارەزان لە دەق و ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆز، وە تەنانەت زۆربەیان ئاگەداری زانستەکانی پێوەست بە قورئانی پیرۆزەوە نین، لە نموونەی:

(أسباب النزول، المحكم والمتشابه، الناسخ والمنسوخ، العام والخاص، المطلق والمقيد.. هتد) هەروەها ئاگەداری زۆربەی زۆری زانستەکانی فەرمووده نین لە نموونەی: (أسباب الورود، الجرح والتعديل، شروط الاحتجاج، دفع التعارض، العلل القادحة و.. هتد) کە تێکڕایان بە مەرج دانراون لەلایەن زانایانەوە[٥١] .

---

٥١. وە بۆ ئەو مەبەستە زۆرێک لە زانایانی ئیسلام دانراوی تایبەتییان داناوە لەوانە: دانراوی: (البرهان في علوم القرآن لبدرالدين الزركشي)، (الإتقان في علوم القرآن لجلال الدين السيوطي)، (مناهل العرفان في علوم القرآن للزرقاني).

بگرە زۆربەیان ئاگەداری زانستەکانی زمانەوانی عەرەبی نین لە: (النحو والصرف والاشتقاق والمعان والبیان والبدیع) کە زۆر کاریگەرن لەسەر فەتوا و حوکمە شەرعییەکان و تێگەشتن لە کیتاب و سوننەت! هەروەها زانستەکانی: (آداب البحث والمناظرة، علم الحكمة والمنطق) کە ئەوانیش زۆر کاریگەرن لە بواری بنەماکانی بانگهێشتن و کاری بانگەوازیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆ حوکم وەردەگرن لە رووکەشی دەقەکان وە پێیان وایە (مجتهد)ن و پێویستییان بە زانایان و پسپۆڕان نەماوە.. کە بێگومان ئەمە بەپێچەوانەی بیروباوەڕی زانایانی پێشینەوەیە، هەر بۆیەش دەبینین و دەبیستین کە بە راست و چەپدا فەتوا دەردەکەن، وە خەڵکی بە بێتاوان بە کافر و فاسق و بێ دین و گومرا لە قەڵەم دەدەن، وە خوێنیان حەلاڵ دەکەن!.

## هەندێک لەو هەڵانەی کە سەرچاوەیان لەو هۆکارانەی سەرەوە گرتووە:

### نموونەی یەکەم:

لێکدانەوەی بەهەڵەی واتای زاراوەی: (ترهبون) لە ئایەتی پیرۆزی:

(وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الْخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّ اللَّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لاَ تَعْلَمُونَهُمُ اللَّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنْتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ)[٥٢]

کە لە رووی کارکردنیان گشتاندنێکی هەڵەیان کردووە بەپەیڕەوکردنیان لە رێبازی نادروستی: (الانتقاء الكيفي)یە، واتە: هەوەسکاری لە دەقەکەکاندا و هەڵبژاردنی وشەکانی بە ئارەزووبازی، نەک تەماشاکردنی دەقەکە بە تەواوی و پێوەستکردنی بە سەرەتا و کۆتاییەکەی، هەروەها بە (أسباب النزول والورود)ەوە، ئەو دەقەیە زۆرجار بە بەڵگە دەیهێننەوە لەسەر دروستیی هەموو جۆرە کارێکی ترساندن بەبێ مەرج و بەرەهایی!

٥٢. (سورة الأنفال: ٦٠).

که بێگومان ئەگەر چاوێک بخشێنین بە تەفسیری پسپۆڕان لەو بوارەدا بۆمان نومایان دەبێت کە هیچ پێوەندیی نییە بە ئیرهابەوە بەڵکو:

١ـ ئایەتەکە بۆ (إعداد) و ئامادەکارییە، وە سەرەتاکەی بە (وأعدوا) دەست پێ دەکات، واتە: ئامادەسازی، نەک (إرهاب) و تۆقاندن، ئایەتی پاش ئەویش راستەوخۆ فەرمان بەئاشتی و ئاشتبوونەوە دەدات هەر کات بەرانبەرەکە ئاشتی گەرەک بوو، وەک دەفەرمووێت:

(وَإِنْ جَنَحُوا لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ )[٥٣]

٢ـ تایبەتمەندە بە کات و شوێنی خۆی کە گۆڕەپانی جیهادی راستەقینەیە وە بەتەواوی مەرجەکانی کە لە سەرچاوە فیقهییەکاندا لە (باب الجهاد)دا هاتووە..

٣ـ دەبێت بەرانبەرەکە بەتەواوی لە (دار الحرب)دا بێت و موسڵمانانیش لە (دار الإسلام)دا ..

٤ـ دەبێت بەرانبەرەکە کافری شەڕوان بێت و بەئاشکرا شەڕی ئیسلام و موسڵمانانی راگەیاندبێت وە واتای تەواوی (عدو الله) بیگرێتەوە.

٥ـ دەبێت دەوڵەتێکی راستەقینەی خەلافەتی ئیسلامی هەبێت و خەلیفەی ئیسلامیش بەڵێن و بەیعەتی (الولاء والبراء)ی وەرگرتبێت لەلایەن زۆرینەی موسڵمانانەوە.

٦ـ دەبێت ئەنجوومەنێکی راستەقینەی شوورای موسڵمانان (الحل والعقد) بوونی هەبێت بۆ راگەیاندنی شەڕ و ئاشتی.

٧ـ دەبێت مەرجەکانی کەسایەتی (المجاهد) هاتبێتە جێگە و تەنیا و تەنیا جیهادەکە (في سبيل الله) بێت![٥٤] نەک مەبەستی لاوەکیی تر.

---

٥٣. (سورة الأنفال: ٦١).

٥٤. بۆ زیاتر شارەزایی لەو بوارەدا بنواڕە سەرچاوەی: (الجهاد في الإسلام كيف نفهمه وكيف نمارسه، د.محمد سعيد رمضان البوطي).

کە بێگومان زۆربەی زۆری ئەو مەرجانە ئەگەر نەڵێین هەر هەموویان ئەمڕۆ بەدی ناکرێن لە گرووپە توندڕۆکاندا؟

**نموونەی دووەم:**

لێکدانەوەی هەڵەیان بۆ واتای: (فَيقتلُون ويُقتَلون) لە ئایەتی پیرۆزی:

(إِنَّ اللَّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنْفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ بِأَنَّ لَهُمُ الْجَنَّةَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا فِي التَّوْرَاةِ وَالْإِنْجِيلِ وَالْقُرْآنِ وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللَّهِ فَاسْتَبْشِرُوا بِبَيْعِكُمُ الَّذِي بَايَعْتُمْ بِهِ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ)[55]

کە دەیهێننەوە بە بەڵگە لەسەر دروستیی خۆکوشتن و خۆتەقاندنەوە، بە باڵپشت بە قیرائەتێکی لاواز بۆ دوو وشەی (فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ) بە (بناء للمجهول) پاشان (بناء للمعلوم) واتە: (فَيُقتَلون ويَقتُلون) کە وا دەگەیەنێت (دەکوژرێن و دەکوژن)، بەڵام ئەو خوێندنەوەیە پێچەوانەی ریوایەتی دروستی جومهوری ئەهلی تەفسیرە[56]، کە بەمجۆرەیە: (فَيَقْتُلُونَ وَيُقْتَلُونَ) (بناء للمعلوم) پاشان (بناء للمجهول)، واتە: (دەکوژن و دەکوژرێن) واتە: پێویستە بجەنگێن لە کۆڕی راستەقینەی جیهادا، وە بەو مەرجانەی کە باسمان کردن، تا دەکوژرێن، نەک خۆیان بکوژن، وە لە پێشتریشەوە ئایەتەکە دەفەرموێت: (يقاتلون في سبيل الله) کە ئاشکرایە (موقاتەلە) لە بابی (موفاعەلە)یە و بۆ واتای (موشارەکە) و هاوبەشی هاتووە، کە هەردوو لایەنی بە گژیەکدا چووبن..

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت:

(وَلاَ تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا)[57]

---

٥٥. (سورة التوبة: ١١١)

٥٦. بنوارە (جامع البيان في تفسير القرآن للطبري:١١/٣٥، الجامع لأحكام القرآن للقرطبي: ٨/٢٦٨).

٥٧. (سورة النساء: ٢٩).

واتە: خـۆتـان مـەکـوژن خـوا بۆ ئێـوە بە بەزەییـیـە، لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێت: (وَأَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلاَ تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ)[٥٨]

واتە: «مـاڵ ببـەخـشنـەوە لە رێگەی خـوادا و بـەدەسـتی خـۆتـان، خـۆتان مـەخـەنە نارەحـەتی و مردن و مـەترسییەوە..»، هـەروەهـا پێغـەمبـەر (درووودی خـوای لەسـەر بێت) هـەڕەشـەی سـەخـتی بە ئاگـری هـەتاهـەتایی دۆزەخی کردووە لە وانەی کە خۆیان دەکوژن بە پارچە ئاسنێک، یان بە ژەهر، یان لە شـاخـێکەوە خـۆیان بەردەدەنەوە خـوارەوە و، یـان بە هـەر شـتـێکی تر خـۆ ئینتیـحـار دەکـەن»[٥٩]، کە بە هۆیەوە کـافر دەبن، خـوا پەنـامـان بدات چونکە پاداشت لە قیامەتدا زۆرجار لە جینسی عەمەلە وەک زانایان دەفەرموون:

(المجازاةُ على الخير والشر قد يكون يوم القيامة من جنس الأعمال)[٦٠]

**ب – پشتگوێخستنی فیقهی ئیسلامی و بنەماکانی:**

وەک ئاشکرایە زۆربەی گرووپە تیرۆریستـەکان بانگەوازی سـەلەفییـەتی ئوسـووڵـی دەکـەن و بڕوایان بە پـەیڕەوی باوەڕ پێکراوی زانایانی فـیـقـهی

---

٥٨. (سورة البقرة: ١٩٥).

٥٩. لەوانە: فـەرمـوودەکـەی صەحـیـحی مـوسـلیم: «من قتل نفسه بحديدة فحديدته في يده يتوجأ بها في بطنه في نار جهنم خالداً مخلداً فيها أبداً، ومن شرب سما فيقتل نفسه فهو يحتساه في نار جهنم خالداً مخلداً فيها ابدا ومن تردى من جبل فقتل نفسه فهو يتردى في نار جهنم خالداً مخلداً فيها ابدا» « بنوارە: صحيح مسلم (كتاب الإيمان) باب (غلظ تحريم قتل الانسان نفسه) ( ١/١٠٣) برقم (٣١٣). عن ابي هريرة (رضي الله عنه). هـەروەهـا هـاتووە: «من قـتل نفـسـه بشيء عـذّب به في النار، وأنه لا يدخل الجنة إلا نفس مسلمة»، بنوارە: صحيح مسلم (١ / ٧٢) برقم (٤٩) باب غلظ تحريم قتل الإنسان نفسه وان من قتل نفسه بشيء عذب به في النار وأنه لا يدخل الجنة إلاّ نفس مسلمة.

ومسند أحمد: (٢٦ / ٣١٦) برقم (١٦٣٩١) عن ثابت بن الضحاك (رضي الله عنه) .

٦٠. بنوارە: (عمدة القاري شرح صحيح البخاري للبدر العيني) : (١٢ / ٢٠٨).

ئیسلامی نییە، مەگەر بابەتێک کە مەبەستی تریان هەبێت لە پەنایدا..!
هەروەها بانگهێشتن و بانگەوازی لامەزهەبی دەکەن، لەبەر زۆر هۆی ناوەکی و دەرەکی لە فاکتەرە ناوەکییەکان:

١- بۆ ئەوەی هیچ سانسۆرێکیان لەسەر نەبێت لە بەرانبەر مەرج و دارشتەکانی پێشەوایانی فیقهی ئیسلامی، وە ئازاد بن لە هەر فەتوایەک کە دەری دەکەن.

٢- بۆ ئەوەی بەبێ مەرج و لێکۆڵینەوەی زانستییانە واز لە کاری عەزیمەتی ناو مەزهەبە فیقهییەکان بهێنن و شوێنی بێ مەرجانە و رەهای روخسەتی تێکرای مەزهەبەکان بکەون، لە پێناو ئەوەی هەر بابەتێک لە تەک ئایدیۆلۆجیای تۆقاندندا رێک نەکەوت حەرامی بکەن و بەپێچەوانەیشەوە حەڵاڵی بکەن.

٣- دەزانن کە توندوتیژی لە هیچ مەزهەبێکی فیقهیی باوەڕ پێکراوی ئیسلامی نییە، بۆیە پەیوەست نین پێیانەوە و، بەبێ شارەزایی دەم دەدەن لە سەرچاوەکانی تەشریعی ئیسلام و رێگەیەک دەگرنە بەر کە ئەوسەریان لێ مەعلووم نییە پاشان فەتوای نادروست دەدەن و خۆشیان و خەڵکی سادەش گومڕا دەکەن، لە کاتێکدا قورئان ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەی قەدەغە کردووە وەک دەفەرموێت: (وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولا)[٦١]

لە ئەنجامی ئەم هەڵوێستەیاندا دەکەونە زۆرێک لە دژە هەڵوێست و تێکەڵکردن و تێهەڵکێشان (تەلفیقات)، کە بێگومان شوێنکەوتنی روخسەتی مەزهەبەکان و تەلفیقکردن لە نێوانیاندا لای زانایانی فیقە و ئوسووڵی ئیسلامی حەرامە و خاوەنەکە پێی فاسیق دەبێت[٦٢] .

---

٦١. (سورة الإسراء: ٣٦).

٦٢. بنوارە: (فيض القدير شرح الجامع الصغير للمناوي: ١/ ٢١٠-٢١٢).

**ج – لێکدانەوەیان بەهەڵە بۆ کۆمەڵێک زاراوەی ئیسلامی:**

دیسان لەبەر ڕۆنەچوونیان لە زانستە شەرعییەکاندا و نەزانینیان بۆ لێکدانەوەی زۆرێک لە واتای زاراوە فیقهی و ئوسووڵی و عەقائیدییەکان، لە نموونەی زاراوەکانی:

(الكفر، المرتد، الفاسق، المذنب، اهل الكتاب، أهل الذمة، المعاهد، المستئمن، دار الحرب، دار الإسلام، البيعة، الولاية، الخلافة، الولاء والبراء، الإجتهاد ومراتبه، الدعوة وأساليبها، العدالة، الشورى، الثوابت والمتغيرات في الدين و.. هتد)

کە هەریەکەیان بۆ ناساندن و حوکمەکانیان پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی تایبەت هەیە..[٦٣]

**د- شارەزانەبوونیان لە کۆمەڵێک لە یاسا و بنچینە فیقهییە ئوسووڵییەکانی ئیسلام:**

لەو بنچینە و یاسایانە:

(لا ضرر ولا ضرار * المشقة تجلب التيسير * دفع المفسدة مقدم على جلب المصلحة * العمل بأهون المفسدتين، أو أخف الشرين * قاعدة الأخذ بالأحوط * اليقين لا يزول بالشك * الأصل بقاء ما كان على ما كان * الأصل براءة الذمة * لا عبرة بالدلالة في مقابلة التصريح* لا مساغ للإجتهاد في مورد النص* الضروريات تبيح المحظورات* الضرورة تقدر بقدرها* الحدود تبرأ بالشبهات * ما جاز بعذر زال بزوالها* يتحمّل الضرر الخاص لدفع الضرر العام * الضرر الأشد يزال بالضرر الأخف * الحاجة تنزل منزلة الضرورة * العادة محكّمة * تصرف الوالي في الرعية منوط بالمصلحة * لا

---

٦٣. بۆ ناساندنی ئەو زاراوانە جگە لە سەرچاوە فیقهییەکانی چوار مەزهەبی ئیسلام، بنوارە دانراوەکانی (الجرجاني، زكريا الأنصاري، زين الدين المناوي) کە تایبەتن بەپێناسەکان (التعريفات)، هەروەها: (الموسوعة الفقهية الصادرة عن وزارة الأوقاف الكويتية) (موسوعة كشاف اصطلاحات العلوم والفنون للتهانوي).

عبرة بالظن البيّن خطؤه * لا عبرة للتهم * البينة على المدعي واليمين على من أنكر * المرء مأخوذ بإقراره * المباشر ضامن وإن لم يتعمّد * من استعجل في شيء قبل أوانه، عوقب بحرمانه * النعمة بقدر النقمة، والنقمة بقدر النعمة..) هتد[٦٤]

كە ئەگەر شارەزاییی تەواویان هەبوایە لەو چوارچێوە یاساییانە هەرگیز نەدەکەوتنە فەتوای تەکفیر و تەفسیق و... هتد.!

**هـ لێکدانەوەی نادروست بەرانبەر بەهاوکێشەکان:**

ئەمەیش بێگومان جۆرێکی ترە لە تێنەگەیشتنی گرووپە توندڕۆکان، کە پێیان وایە چاری هەموو دنیا دەکەن و هەموو جیهانیان لە یەک تای تەرازوویەکدا داناوە و خۆیشیان بە تەنیا لە تاکەی تری، چونکە هەموو کەس و لا و تاقم و مەزهەب و بۆچوون و فیکر و ئایدیۆلۆجیایەکیان پێ بەتاڵ و نادروست و چەوتە جگە لە خۆیان، وە کۆمەڵگە و حکومەتانی جیهانی ئیسلامییان پێ کافر و وەرگەڕاوەیە لە ئیسلام و پێویستە بەلای ئەوانەوە قەلاچۆ بکرێن، بێگومان ئەم هەڵوێستەیان وای کردووە کە شەڕی سەرتاسەری دنیا ڕاگەیەنن! تەنانەت گریمان ئەگەر لەسەر هەقیش بن، خۆ یاسا و سوننەتی خوا و پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) وا نەبووە، خوای گەورە بۆ هاوەڵانی پێغەمبەرەکەی (دروودی خوای لەسەر بێت) سەرەڕای بوونی تەواوی مەرجەکان، کات و ساتی شیاو و شایستە و داڕشتەی دروستی دیاری کردووە وەک لەم دەقە پیرۆزەدا بە ڕوونی دەفەرمووێت:

(الْآنَ خَفَّفَ اللَّهُ عَنْكُمْ وَعَلِمَ أَنَّ فِيكُمْ ضَعْفًا فَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ مِائَةٌ صَابِرَةٌ يَغْلِبُوا

٦٤. بۆ زیاتر شارەزایی و نموونەی شەرعی لەسەر ئەو یاسا فیقهییانە و ڕووبەری کارپێکردنیان بنواڕە ئەم سەرچاوانە: (الأشباه والنظائر لإبن السبكي الشافعي، القواعد الفقهية لإبن رجب الحنبلي، الأشباه والنظائر للحافظ السيوطي الشافعي، الأشباه والنظائر لإبن نجيم الحنفي ).

مائَتَيْنِ وَإِنْ يَكُنْ مِنْكُمْ أَلْفٌ يَغْلِبُوا أَلْفَيْنِ بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ)[٦٥].

هەروەها توندڕۆیان هەڵگری کۆمەڵە بۆچوونێکی سەیروسەمەرەن و خەیاڵی گەورە گەورە دەکەن و دروشمی گەورە رادەگەیەنن کە بەوان هەرگیز نایەتە بەرهەم و جێبەجێ نابێت، لەوانە: گێڕانەوەی خەلافەت و حوکم بە قورئان و سوننەت و.. هتد، ئێمە ناڵێین ئەو دروشمانە خراپن، بەڵام دەڵێین دینی خوا بە تیرۆر و توندوتیژی بڵاو نەبووەتەوە و بڵاویش نابێتەوە! هەروەها پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) ئیشارەتی بۆ کردوون کە لە ئاخیر زەماندا لەو بابەتە پەیدا دەبن کە گەنج و تازە پێگەیشتوون، قسە و داخوازی گەورە دەکەن کە لە نموونەی خەون وایە، بە ئایەت و فەرموودە دەدوێن، قورئان دەخوێنن بەڵام لە گەروویان بەرەوخوار ناڕوات، بەهۆی هەڵوێستی توندڕۆیی عەقیدەی تەجسیم و تەکفیرکردنی موسڵمانانەوە دەردەچن لە ئیسلام وەک چۆن تیر لە کەوانەکەی دەردەچێت.. هتد»[٦٦] .

**هۆکاری دووەم: گرتنەبەری ڕێگەی توندوتیژی:**

وەک باسمان کرد گرووپە تیرۆریستەکان هیچ جۆرە ئوسلووبێکی تر نافامن جگە لە توندوتیژی، کە بێگومان ئەم هەڵوێستانەیان دوورە لە جەوهەری ئیسلام و بنەماکانی، خوای گەورە لە زۆرێک لە ئایەتە پیرۆزەکانی باس لە خۆڕاگری و نەرمونیانی و لەسەرخۆیی و حیکمەت بەکارهێنان دەکات، باس لەوە دەفەرمووێت کە دین زەبر و زۆروزەنگی تیادا نییە و بگرە بریتییە لە لێبووردن و میانڕەوی و دوورە لە ڕۆچوون و زیادەڕۆیی لەو ئایەتە پیرۆزانە:

---

٦٥. (سورة الأنفال: ٦٦).

٦٦. بنوارە: (صحيح مسلم، كتاب الزكاة، برقم: ٢٥١١ عن علي (رضي الله عنه)، وصحيح البخاري ، كتاب فضائل القرآن برقم: ٥٠٥٧).

١- [وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنْتَ عَلَيْهَا إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَنْ يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّنْ يَنْقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَإِنْ كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلاَّ عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ][٦٧]

٢- [ فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لاَنْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ ][٦٨] .

٣- [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ][٦٩] .

٤- [وَلاَ تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ مَرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ][٧٠] .

٥- [ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ ][٧١] .

٦- [ وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ مِلَّةَ أَبِيكُمْ إِبْرَاهِيمَ هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِنْ قَبْلُ وَفِي هَذَا لِيَكُونَ الرَّسُولُ شَهِيدًا عَلَيْكُمْ وَتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ فَأَقِيمُوا الصَّلاَةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَاعْتَصِمُوا بِاللَّهِ هُوَ مَوْلاَكُمْ فَنِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ][٧٢] .

هەروەها پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) نەهیی كردووە لە توندوتیـژی و هانی خەڵكی داوە بۆ میانڕەوی و ئاسانكاری و

٦٧. (سورة البقرة: ١٤٣).

٦٨. ( سورة آل عمران: ١٥٩).

٦٩. (سورة آل عمران: ٢٠٠)

٧٠. (سورة الأنعام: ١٠٨).

٧١. (سورة النحل: ١٢٥).

٧٢. (سورة الحج: ٧٨).

مژدەبەخشین و لە یەکبووردن، لەو فەرموودانە:

١ـ (بَشِّرُوا وَلاَ تُنَفِّرُوا، وَيَسِّرُوا وَلاَ تُعَسِّرُوا)[٧٣]

٢ـ (أَحَبُّ الدِّينِ إِلَى اللَّهِ الحْنِيفِيَّةُ السَّمْحَةُ)[٧٤]

٣ـ (إِنَّ هَذَا الدِّينَ مَتِينٌ، فَأَوْغِلْ فِيهِ بِرِفْقٍ، وَلاَ تُبَغِّضْ إِلَى نَفْسِكَ عِبَادَةَ رَبِّكَ، فَإِنَّ الْمُنْبَتَّ لاَ سَفَرًا قَطَعَ، وَلاَ ظَهْرًا أَبْقَى، فَاعْمَلْ عَمَلَ امْرِئٍ يَظُنُّ أَنْ لَنْ يَمُوتَ أَبَدًا، وَاحْذَرْ حَذَرًا تَخْشَى أَنْ تَمُوتَ غَدًا)[٧٥]

**هۆکاری سێیەم: شوێنکەوتنی کوێرانە:**

خوای پەروەردگار هانی خەڵکی دەدات کە عەقڵ و بیر و ئەندێشە بخەنە گەڕ و بە لێکدانەوەی زانستییانە و بابەتییانە بەرەو رووداو و بابەتەکان بڕۆن، وەک لەم ئایەتانەدا روون دەبێتەوە لەوانە:

١ـ (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلَافًا كَثِيرًا)[٧٦] .

٢ـ (وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ)[٧٧] .

٣ـ (وَلاَ تَكُونُوا كَالَّذِينَ قَالُوا سَمِعْنَا وَهُمْ لاَ يَسْمَعُونَ * إِنَّ شَرَّ الدَّوَابِّ عِنْدَ اللَّهِ الصُّمُّ الْبُكْمُ الَّذِينَ لاَ يَعْقِلُونَ)[٧٨] .

٤ـ (أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا

---

٧٣. ( رواه مسلم في صحيحه عن أَبِي مُوسَى (رضي الله عنه) . ينظر: صحيح مسلم، كتاب الجهاد والسير برقم ٤٦٢٢ .

٧٤. (رواه البخاري في صحيحه، ينظر: صحيح البخاري، كتاب الإيمان باب الدِّينُ يُسْرٌ برقم (٢٩، ٣٠).

٧٥. (رواه البيهقي في السنن الكبرى: بتحقيق محمد عبدالقادر عطا عن عبدالله بن عَمْرِو بْنِ الْعَاص (رضي الله عنهما)، كتاب الصلاة (٣ / ١٩) برقم (٤٥٢١).

٧٦. ( سورة محمد: ٢٤)

٧٧. ( سورة النحل: ٤٤).

٧٨. ( سورة الأنفال: ٢١ـ ٢٢).

فَإِنَّهَا لاَ تَعْمَى الأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ)[٧٩].

٥- (قُلْ سِيرُوا فِي الأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ)[٨٠] .

كەواتە ئیسلام ئاینێکە گرینگیی زۆری داوە بەعەقڵ و بیرکردنەوە، بەڵام بەداخەوە یەکێکی تر لە ناسنامەکانی تیرۆریزم، بیرنەکردنەوە و شوێنکەوتنی کوێرانەی سەرکردە و ئەمیر و فەرمانڕەواکانیانە، کە بەبێ گوێدانە ترازووی شەرع و ژیری و نەریتی جوان، شوێن فەرمانەکانیان دەکەون و راستەوخۆ جێبەجێیان دەکەن، کە لە بنەڕەتدا ئەمە نەریی چەوتی بێبڕواکانە، وەک خوای گەورە دەفەرمووێت:

(وَمَثَلُ الَّذِينَ كَفَرُوا كَمَثَلِ الَّذِي يَنْعِقُ بِمَا لاَ يَسْمَعُ إِلاَّ دُعَاءً وَنِدَاءً صُمٌّ بُكْمٌ عُمْيٌ فَهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ)[٨١]

هەروەها پێغەمبەریش (درووودی خوای لەسەر بێت) نەهیی کردووە لە موسڵمانان کە شوێن پڕوپاگەندەی نادروست و قسە و قسەڵۆک و هەڵبەستراوی خەڵکی بکەون، وە هانی داون خۆڕاگر و بە هەڵوێست بن، هەردەم لەگەڵ چاکە و کردەوەی چاکەدا بن و شوێن چاکەخوازان بکەون، وەک دەفەرمووێت:

(لاَ تَكُونُوا إِمَّعَةً، تَقُولُونَ: إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ أَحْسَنَّا، وَإِنْ ظَلَمُوا ظَلَمْنَا، وَلَكِنْ وَطِّنُوا أَنْفُسَكُمْ، إِنْ أَحْسَنَ النَّاسُ أَنْ تُحْسِنُوا، وَإِنْ أَسَاءُوا فَلاَ تَظْلِمُوا)[٨٢]

هەروەها هانی موسڵمانانی داوە کە کوێرانە شوێن رووداوەکان نەکەون، وە بۆ حەرام و حەڵاڵ و چاکە و خراپە جگە لە پرسیاری پسپۆڕ و شارەزایان، پێویستە لەسەریان پرس و ڕای خۆشیان بکەن و لێکدانەوە و

٧٩. ( سورة الحج: ٤٦).

٨٠. ( سورة النمل: ٦٩).

٨١. (سورة البقرة : ١٧١).

٨٢. ( سنن الترمذي، كتاب البر والصلة، عن حذيفة بن اليمان (رضي الله عنه) برقم: ٢١٣٨).

پرسـیـار لە دڵی خـۆیشـیـان بکەن، وەک لـە ئامـۆژگارییـەکـەیدا هـاتووە بۆ وابصەی کوڕی مەعەبدی ئوسدی کە دەفەرمووێت:

«يَا وَابِصَةُ اسْتَفْتِ نَفْسَكَ، الْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّ إِلَيْهِ الْقَلْبُ، وَاطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ، وَالإِثْمُ مَا حَاكَ فِى الْقَلْبِ وَتَرَدَّدَ فِى الصَّدْرِ، وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ»[٨٣]

لە ریوایەتێکی تردا هاتووە: «يَا وَابِصَةُ: اسْتَفْتِ قَلْبَكَ، وَاسْتَفْتِ نَفْسَكَ، ثَلاَثَ مَرَّاتٍ، الْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ، وَالإِثْمُ مَا حَاكَ فِى النَّفْسِ، وَتَرَدَّدَ فِى الصَّدْرِ، وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ»[٨٤]

کەواتە: ئەو کارە قێزەونانەی تیرۆریستان دەیکەن لە خۆکوشتن و خەڵک کـوشتن و قـەلەپاچەکردنیـان بە خـۆتەقـاندنـەوە و مـینرێژکردنی سـەیارە و رێگەوبانی مـوسـڵمـانان و .. هتد، بە چ بەڵگە و دەقێکی شـەرعی ئەنجامی دەدەن؟ وە چۆن دڵ و دەروونیــان پێی رازی دەبێت؟ بێگومــان ئەو جــۆرە کارانە تاوانـە بەرانبـەر بە خـوا و خـەڵک و سـتـەمێکی گەورەیشـە بەرانبـەر بەنەفس و پاشەڕۆژی خۆشیان!

وە ئەو خـــەڵکەی کـــە ئـەوان تیـــرۆری دەکـــەن ئاخـــۆ دەروونیـــانیـــان خوێندووەتەوە تا دڵنیا بووبن لەوەی کە کافر بن؟ ئەگەر دەڵێن بەڵێ، کەواتە وەحی و سروشیـان بۆ هاتووە! یاخۆ غەیب دەزانن! کە ئەمـەش پێچـەوانەی ئایەتە پیرۆزەکانە لەوانە:

١ـ (أَطَّلَعَ الْغَيْبَ أَمِ اتَّخَذَ عِنْدَ الرَّحْمَنِ عَهْدًا)[٨٥]

٢ـ (قُلْ لاَ يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ الْغَيْبَ إِلاَّ اللَّهُ وَمَا يَشْعُرُونَ أَيَّانَ يُبْعَثُونَ)[٨٦] .

---

٨٣. (رواه الإمام أحمد في مسنده: برقم ١٨٤٨٦ عن وابصة (رضي الله عنه).

٨٤. ( رواه الإمام أحمد في مسنده، برقم: ( ١٨٤٩١ )، والدارمي في سننه كتاب البيوع، برقم: (٢٥٨٨).

٨٥. ( سورة مريم: ٧٨)

٨٦. ( سورة النمل: ٦٥).

٣ـ (أَمْ عِنْدَهُمُ الْغَيْبُ فَهُمْ يَكْتُبُونَ)[٨٧] .

ئاخۆ نازانن کە کۆدەنگی زانایانی ئیسلام و بەپێی فەرموودەی حەزرەت (دروودی خوای لەسەر بێت) دروست نییە کوشتنی تەنانەت کافرێکی شەڕوان ئەگەر تەنیا جارێک بە زوبانی شەهادەتی هێنابێت![٨٨]

وە ئاخۆ چیرۆکەکەی ئوسامەی کوڕی زەیدیان لە بیر کردووە، کە ڕووداوێکی لەو چەشنەی بەسەردا هات، لە یەکێک لە غەزاکاندا، پاشان حەزرەت (دروودی خوای لەسەر بێت) ئەوەندەی پێ گوتەوە: « أفلا شققت قلبه؟ » هەتا ئەوەندە پەشیمان بووەوە و بێزار بوو دەیگوت: کاشکای ئێستا باوەڕم بهێنایە![٨٩] .

وە لە نموونەی ئەو فەرموودەیە، ریوایەتەکەی میقدادی کوڕی ئەسوەد (ڕەزای خوای لەسەر) کە فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا: ئەگەر لە غەزادا کافرێک جەنگا لەگەڵمدا هەتا دەستێکی قرتاندم بە شیرەکەی، پاشان هەڵاتە پەنا درەختێکەوە و تەنیا گوتی (ئیسلام بووم) ئاخۆ دروستە بیکوژم؟ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: نابێت بیکوژیت، پاش هەندێ گفتوگۆ، حەزرەت (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: «خۆ

---

٨٧. ( سورة الطور: ٤١)

٨٨. بنوارە: (شرح النووي على صحيح مسلم ، باب تحريم قتل الكافر بعد قوله لا إله إلا الله: ٢ / ٩٩).

٨٩. (رواه مسلم في صحيحه عن إبن إبي شيبة (رضي الله عنه) ، كتاب الإيمان برقم (٢٨٧) وأبو داوود في سننه، كتاب الجهاد برقم ٢٦٤٥ عن أسامة (رضي اللّه عنه) بلفظ: قال أسامة بن زيد (رضى اللّه عنهما): بعثنا رسول الله (صلى اللّه عليه وسلم) فى سرية فصبحنا الحرقات من جهينة فأدركت رجلا فقال لا اله الا اللّه فطعنته فوقع فى نفسى من ذلك فذكرته للنبي (صلى اللّه عليه وسلم) فقال رسول اللّه (صلى اللّه عليه وسلم) : أقال لا اله الا الله وقتلته؟ قال: قلت يا رسول الله: إنما قالها خوفاً من السلاح، قال: أفلا شققت عن قلبه حتى تعلم قالها أم لا؟ فما زال يكرّرها عليّ حتى تمنّيت أني أسلمت يومئذٍ».

ئەگەر کوشتت ئەوا ئەو دێتە ریزی تۆ پێش کوشتنەکەی و تۆیش دەچیتە ریزی ئەو پێش ئەوەی موسڵمان ببێت» واتە: ئەو بە موسڵمانی دەمرێت و تۆیش پێی کافر دەبیت![90] .

ئاخۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) و هەندێک لە هاوەڵانی لە نموونەی (حذیفة وأبي هريرە و..) دووڕووەکانی شاری مەدینەیان نەدەناسی؟ ئەی بۆچی هیچ کارێکی توندوتیژییان بەرانبەر نەدەکردن؟

تەنانەت وەختێک سەرکردەی دووڕووەکان (کوڕی سەلوول) بە هیلاکدا چوو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) کراسەکەی خۆی بۆ نارد و کردیانە کفنی![91] .

ئاخۆ نازانن کە خوای گەورە دەفەرمووێت:

(وَإِنْ أَحَدُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلامَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمُ لاَ يَعْلَمُونَ)[92]

واتە: هەر کات یەکێک لە بێباوەڕە موشریکەکان داوای دراوسێیەتی و نزیکیی لێ کردن بۆ هەر مەبەستێکی باش، پێویستە پەنای بدەن و دڵی نەشکێنن، بەڵکو لەو ماوەیەی کە نزیکی لە ئێوە دەکات لە ئیسلام شارەزا ببێت، خۆ ئەگەر موسڵمانیش نەبوو پێویستە ڕەوانەی بکەنەوە و بیگەیەننەوە

---

٩٠. کە ئەمە دەقەکەیەتی: «عن المقداد بن الأسود «رضى الله عنه» ( قَال يا رَسُول اللَّه أَرَأَيْتَ إِنْ لقِيتُ رَجُلاً مِنَ الْكُفَّارِ فَقَاتَلَنِي فَضَرَبَ إِحْدَى يدَىَّ بِالسَّيْفِ فَقَطَعَهَا. ثُمَّ لاَذَ مِنِّي بِشَجَرَةٍ فَقَال أَسْلَمْتُ للَّه. أَفَأَقْتُلُهُ يا رَسُول اللَّه بَعْدَ أَنْ قَالهَا ؟ قَال رَسُولُ اللَّه (صلى الله عليه وسلم) : «لاَ تَقْتُلْهُ». قَال فَقُلْتُ يا رَسُول اللَّه إِنَّهُ قَدْ قَطَعَ يدِى ثُمَّ قَال ذَلكَ بَعْدَ أَنْ قَطَعَهَا أَفَأَقْتُلُهُ ؟ قال رَسُولُ اللَّه (صلى الله عليه وسلم) : «لاَ تَقْتُلْهُ فَإِنْ قَتَلْتَهُ فَإِنَّهُ بِمَنْزِلتِكَ قَبْل أَنْ تَقْتُلهُ وَإِنَّكَ بِمَنْزِلتِهِ قَبْل أَنْ يقُول كَلِمَتَهُ الَّتِى قَال»..(صحيح مسلم، باب الإيمان برقم٢٨٤ وصحيح البخاري كتاب المغازي برقم ٤٠١٩).

٩١. بنوارە ( صحيح مسلم، باب صفات المنافقين وأحكامهم برقم: ٧٢٠٣ عن ابن عمر رضي الله عنهما).

٩٢. (سورة التوبة: ٦).

جێگەی دڵنیابوونی خۆی، چونکە ئەوانە میللەتێکی نەشارەزان».

یاخۆ ئایەتی پیرۆزی: ( لاَ يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ)[٩٣]

واتە: خوای گەورە قەدەغەی نەکردووە لێتان کە چاکە و مەردایەتی و یارمەتی و پیاوەتی و دادپەروەری بنوێنن لە تەک ئەو بێباوەڕ و کافرانەدا کە شەڕی ئاینیان لە تەک نەکردوون و دەربەدەریان نەکردوون ..

کەواتە: تەنانەت کافریش بە نەزەری قورئانی پیرۆز جۆری زۆرە و هەندێکیان نەک هەر دروست نییە تیرۆرکردن و ئەشکەنجەدانی، بگرە پێویستیشە چاکەی لەگەڵدا بکرێت و یارمەتی بدرێت!

ئەو جۆرە کافرانەیش هەندێکیان برێتین لە: ئەوانەی لە عەهد و زیممەی موسڵماناندان، یان هاوپەیمانن لەگەڵیاندا، یان ئەوانەن کە هێمنییان پێ دراوە بەو پێیە پارێزگارییان لە گەردنی موسڵماناندایە، یان ئەوانەی کە میوانن و بەوەفدی رەسمی هاتوون، یاخۆ نوێنەر و باڵوێز و کونسوڵی وڵاتانی خۆیانن، یان بازرگان و تاجیرن هاتوون بۆ سەرمایە بەگەڕخستن، یان بۆ خۆیان هەر لە بنەڕەتدا ئەمین و بێ زیانن.. ئەمانە و نموونەکانیان بە هیچ جۆرێک دروست نییە دەستدرێژیکردنە سەر گیان و ماڵ و منداڵ و سامانیان، بە هیچ پاساوێک با کافریش بن!

چونکە زۆرێک هەڕەشەی پێغەمبەر هەیە (دروودی خوای لەسەر بێت) لەم بارەیەوە لەوانە:

١ـ (مَنْ قَتَلَ مُعَاهَدًا لَمْ يَرَحْ رَائِحَةَ الْجَنَّةِ، وَإِنَّ رِيحَهَا تُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ أَرْبَعِينَ عَامًا)[٩٤] .

---

٩٣. (سورة الممتحنة: ٨).

٩٤. (رواه البخاري في صحيحه، كتاب الجزية برقم (٣١٦٦) عن عبدِ اللَّهِ بن عَمْرٍو (رضي اللّه عنهما).

واتە: هەر کەسێک موعاهەد و پەیمان لەگەڵ بەستراوێکی کافر بکوژێت، بۆن و بەرامی خۆشی بەهەشت نابیسێت، کە لە چل ساڵ رێگەوە هەستی پێ دەکرێت.

٢- (مَنْ قَتَلَ مُعَاهِداً فِي غَيْرِ كُنْهِهِ حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ الجَنَّةَ)[٩٥]

واتە: هەر کەسێک کافرێکی موعاهەد و بەپەیمان بکوژێت بەبێ هەقێکی شەرعی، خوای پەروەردگار بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات.

٣- (أَلاَ مَنْ ظَلَمَ مُعَاهِداً أَوِ انْتَقَصَهُ أَوْ كَلَّفَهُ فَوْقَ طَاقَتِهِ أَوْ أَخَذَ مِنْهُ شَيْئًا بِغَيْرِ طِيبِ نَفْسٍ فَأَنَا حَجِيجُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[٩٦]

واتە: ئاگەدار بن ئەی گرۆی بڕواداران: هەر کەسێک ستەم بکات لەگەڵ موعاهەدێکدا یاخۆ بەچاوێکی کەم و نزمەوە تەماشای بکات، یاخۆ لە سەرو تەوانای خۆیەوە تەکلیفی لێ بکات، یاخۆ شتێکی لێ بستێنێت بەبێ رەزامەندیی ئەو، ئەوا دەبمە بەڵگە و حوججە لەسەری من لە رۆژی قیامەتدا.

ئەم فەرموودانە بۆ کافر و بێبڕواکانە، ئەی پەنا بە خوا لە سزای ئەو کەسانەی کە لە ئەرزی ئیسلامدا بە ناوی شەرع و خوا و دینەوە خوێنی موسڵمانان دەرێژن و گیانیان پارچە پارچە دەکەن!

خوای گەورە دەفەرمووێت:

(وَمَنْ يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا * يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا ضَرَبْتُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَتَبَيَّنُوا وَلاَ تَقُولُوا لِمَنْ أَلْقَى إِلَيْكُمُ السَّلَامَ لَسْتَ مُؤْمِنًا تَبْتَغُونَ عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا فَعِنْدَ اللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٌ كَذَلِكَ كُنْتُمْ مِنْ قَبْلُ فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَتَبَيَّنُوا إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا)[٩٧]

---

٩٥. (رواه أبو داود في سننه، كتاب الجهاد، برقم (٢٧٦٢) عن أَبِي بَكْرَةَ (رضي الله عنه) .

٩٦. ( رواه أبو داود في سننه كتاب الخراج برقم ( ٣٠٥٤).

٩٧. (سورة النساء: ٩٣-٩٤).

واتە: هەر کەسێک تەنیا موسڵمانێکی بێتاوان بکوژێت ئەوا سزاکەی دۆزەخی هەتاهەتایی دەبێت و بەر غەزەب و قەهری خوا و نەفرەتی دەکەوێت و ئازار و ئەشکەنجەیەکی یەکجار گەورەی بۆ ساز دەدرێت، ئەی بڕواداران: ئەگەر چوونە ڕێگەی جیهادی هەق لە پێناو خوا لێکۆڵینەوە بکەن لە بەرانبەر، خەڵکی بەبێ بەڵگە تەکفیر مەکەن، مەڵێن بە خەڵکێک کە سەلامتان لێ دەکەن پێیان مەڵێن کافر و سەر و ماڵیان بە هەوا و ئارەزووبازی و تەماحی دنیا حەڵاڵ مەکەن .. هتد».

کەواتە: ئاخۆ تیرۆریستان وەڵامیان چ دەبێت بەرانبەر ئەو هەموو تاوان و کوشتارەی کە ڕۆژانە ئەنجامی دەدەن دەرهەق خەڵکی بێتاوان بە تایبەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا؟!

## هۆکاری چوارەم – تاکڕەوی و خودپەسندی و لەخۆڕازیبوون و داخستنی دەرگەی گفتوگۆ:

لەلای زۆرێک لە تیرۆریستان مەسەلەکان جێگەی دایەلۆگ و گفتوگۆ نین، وە بەباوەڕی ئەوان خۆیان (لە سەدا سەد) ڕاستن و بەرانبەرەکانیشیان بەتەواوی لەسەر گومڕایین! هەروەها پێیان وایە هەر بیر و بۆچوونێک بەپێچەوانەی بیر و بۆچوونی ئەوان بێت ئەوا بەتاڵە و بەو پێیە نەیارانیان کافر و زندیق و هەڵگەڕاوە و گومڕان – پەنا بە خوا – و پێویستە بکوژرێن!؟

بۆیە ڕەشەکوژی و بە ڕاست و چەپ خەڵکی دەکوژن، هەروەها گوێی خۆیان بەردەوام دادەخەن لە بیستنی هەر شتێک کە نەگونجێت لە تەک بەرنامەی کاریاندا.

با ئەو شتەیش ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) بێت!

ئەم جۆرە گرووپانەیش درێژبوونەوەیەکی مێژوییە بۆ گرووپە

توندڕۆکانی خەواریج[98] بە هەمان بیروباوەڕ و دڵ و دەروون کە لە مێژوودا ناو بەناو سەریان هەڵداوە و پاشان کوژاونەتەوە، ، بەڵام بە بەرنامەی نوێ و بە بەکارهێنانی تەکتیک و تەکنەلۆجیای سەردەم.

ئەم گرووپە توندڕەوانە کە دەرچوون لە راستە رێگەی موسڵمانان بەگشتی تاکڕەون و خودپەسندن و دەرگەی هەموو جۆرە گفتوگۆیەک لەسەر خۆیان دادەخەن چونکە تەنیا و تەنیا بۆچوونە چەوتەکانی خۆیانیان لا پەسندە و گوێ بۆ هیچ بیر و بۆچوون و ئیجتیهادێکی تر ناگرن..

**هۆکاری پێنجەم – هۆکاری رامیاری:**

بێگومان ئەوەندەی ئاشکرایە کە زۆربەی گرووپە تیرۆریستەکان لە جیهانی ئیسلام، وەها نیشان دەدەن، کە ئەوان دەجەنگێن لەژێر پەردەی کۆمەڵێک دروشمی بریقەدار و لە پێناو:

١- وەدەرنانی بێگانە و هێزی کوفر لە خاکی ئیسلامدا .

٢- رووخاندنی حکومەتەکانی جیهانی ئیسلامی چونکە هاوپەیمانن لە تەک کافر و جوولەکەدا و هەڵگەڕاوەن لە دین.

٣- هێنانەدیی خەلافەتی ئیسلامی و حوکمکردن بە قورئان و سوننەت..

٤- سەرلەنوێ رزگارکردنی قودسی پیرۆز لە داگیرکەرانی جوولەکە و زایۆنیزمی جیهانی.. هتد.

---

٩٨. بەمەبەستی شارەزابوون لەو گرووپانەی کە لە مێژووی ئیسلامدا بە (الخوارج) واتە دەرچووان لە ڕێگەی راست ناسراو بوون، بنوارە: ( صحيح مسلم، كتاب الزكاة، باب ذكر الخوارج وصفاتهم برقم ٤٨، وصحيح البخاري، كتاب استتابة المرتدين برقم: ٦٩٣٤، وسنن الترمذي، كتاب الفتن برقم: ٢٣٤٧، وسنن ابن ماجه، المقدمة في ذكر الخوارج برقم: ٣٤، و شرح النووي على صحيح مسلم ١٦٤/٧).

## لێکۆڵینەوە و شیتەڵکردنی دروشمە بریقەدارەکان

یەکەم: ئەم چوار خاڵە کە دروشمی ئاشکرایانە بێگومان زۆر بریقەدار و سەرنج ڕاکێشن بە تایبەت لە ئاستی رای شەقامی ئیسلامدا! بەڵام ئاخۆ لە راستیشدا هەر وایە؟ لێرەدا ئێمە چەند خاڵ و پرسیارێک دەخەینە روو بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەو دروشمانەیان:

١- ئاخۆ سەرەتای دروستبوونی ئەو گرووپانە چۆن بووە؟ کێ دروستی کردوون، وە لە چ بارودۆخێکدا دروست بوون، وە بۆ چ موهیمەمە و مەبەستێک؟ بەنموونە: ئاخۆ کێ هەیە نەزانێت کێ تەوژمی (القاعدة)ی خستە سەرپێ لە کیشوەری ئەفغانستاندا لە کۆتاییەکانی قەرنی رابردوودا؟ یاخۆ دەزگای موخابەراتی چ وڵاتێک بوو کە تەمویلی بزووتنەوەی تاڵیبانی کرد تا سەر کورسیی دەسەڵات؟

٢- ئاخۆ بۆچی تا ئەمڕۆیش زۆرێک لە گەورە سەرکردەکانی گرووپە توندڕۆکان لە وڵاتانی رۆئاوادا ئازادن و چالاکیی هەمەڕەنگیی خۆیان ئەنجام دەدەن و لەوێوە هانی خەڵکێکی سادەی داماوی نەفام دەدەن بۆ کاری تیرۆریستی و سەرگەردانیان دەکەن و خۆشیان لە دوورەوە سەیریان دەکەن؟!

٣- ئاخۆ ئەو بەناو سەرکردانە چ دەکەن لەوێ؟ چۆن و بۆ دەستگیر ناکرێن؟ وە مانەوەیان لە خاکی کافراندا وە لە (دار الحرب)دا - بە نەزەری خۆیان - و بە کەماڵی ئیسراحەت چی دەگەیەنێت؟ ئەگەرنا بەناوی ئیسلامەوە بۆ شەڕی ئیسلام و موسڵمانان دەکەن؟ ئاخۆ بانێکە و دوو هەوا؟!

٤- ئەو تیرۆریستە بەناو ئیسلامییانەی کە دێنە عێراقەوە و کاری تیرۆر دەکەن، بەتایبەت لە وڵاتانی عەرەبییەوە ئاخۆ لە وڵاتانی خۆیاندا چەندین سەربازگە و مۆڵگەی هێزی بێگانە نییە؟ بۆ بەسەریاندا هەنگاو هەڵدێن و بەرەو عێراق و کوردستان دەکەونە رێ؟ دیسان بانێکە و دوو هەوا؟

٥- رووداوەکانی (١١) ی سێپتەمبەر لە ئەمەریکا، چ وەرچەرخانێکی هێنایە کایە؟ جگە لە:

أ) ناشیرینکردنی ئیسلام و موسڵمانان لە سەرتاسەری جیهاندا و ورووژاندنی دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا لە بەرانبەر موسڵمانان و تۆمەتبارکردنی ئیسلام .. هتد!؟

ب) داخستنی هەزاران خوێندنگەی ئیسلامی لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفەریقیا و تەنانەت لە ئەوروپایشدا.

ج) دەرکردن و چاودێریکردن و راوەدوونانی رەوەند و کەمایەتییە موسڵمانەکان لە جیهاندا!

د) راوەستانی رابوونی میانڕەوی ئیسلام بەشێوازی بانگەوازی هێمنانە و هۆشیارانە و ئاشتییانە، بە تایبەت لە وڵاتانی ئەمەریکا و ئەوروپادا، کە ئەگەر ئەو رووداوانە نەبوایە ئێستا ئەو کیشوەرانە دوو بەرانبەر ئاینی پیرۆزی ئیسلامی تیادا بەرفراوانتر و گەشەسەندووتر دەبوو، بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە ناوەندە ستراتیجییە ئەکادیمییە تایبەتمەندییانەی خودی ئەو وڵاتانە بە بەراورد لە تەک ساڵانی پێش رووداوەکاندا ئەنجامیان داوە و بڵاویان کردووەتەوە!

هـ) لە رووی ئابوورییەوە موسڵمانان زەرەرمەندتر بوون لە تەواوی وڵاتانی جیهاندا بەهۆی لەدەستدانیان بۆ فرسەتی کار و خوێندن و زەمالاتی دانیشگاکان و.. هتد... ئەم کاردانەوانە لەژێر ناونیشانی قەڵاچۆکردنی

تیرۆردایە و زۆربەیان بەرانبەر گرووپە توندڕۆیە بەناو ئیسلامییەکان جێبەجێ دەکرێن، کە ئەمانیش بە پلەی یەکەم لێیان بەرپرسیارن، چونکە وەک دەڵێن: (البادئ أظلم) دەستپێشخەر تاوانبارترە، هەروەها پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرمووێت:

(الفتنة نائمة لعن الله من أيقظها)[٩٩]

واتە: فیتنە و بەڵا و ئاشووب خەوتووە نەفرەتی خوا لە بەخەبەرهێنەرانی، هەر لە نموونەی ئەم بابەتە فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) کە دەفەرمووێت:

(دَعُوا الْحَبَشَةَ مَا وَدَعُوكُمْ، وَاتْرُكُوا التُّرْكَ مَا تَرَكُوكُمْ)[١٠٠]

واتە: دەستبەرداری حەبەشییەکان بن هەتا ئەو کاتەی ئەوان دەستبەردارتان دەبن، هەروەها واز لە تورکەکان بهێنن و مەجەنگێن لە تەکیاندا مادام ئەوان نەجەنگێن لەگەڵتاندا، واتە: دەستپێشخەر مەبن لە جەنگ لەگەڵیاندا.

دووەم: هەروەها دەپرسین: ئاخۆ تا چ ئەندازەیەک کارەکانی ئەو گرووپانە لە تەک دروشمەکانیاندا هەڵدەکاتەوە و دەگونجێت؟ ئەوەی ئێمە دەیبیستین و لە دنیادا دەیبینین لە عێراق و کوردستاندا دروشمەکانیان زۆر دوورن لەگەڵ کردار و واقیعدا!

ئاشکرایە جگە لە ناشیرینکردنی ئیسلام و فیتنەنانەوەی نێو موسڵمانان و حەڵاڵکردنی خوێنیان و تاڵانکردنی سامانیان و تۆقاندنی پیر و ئافرەت و منداڵ و دەستگیرکردن و رفاندن و بەبارمتەکردنیان و تێکدان و

---

٩٩. (أخرجه الرافعي في تأريخ قزوين، والديلمي في مسنده عن أنس و ابن عمر (رضي الله عنهم) بنوارە: (فيض القدير شرح الجامع الصغير للمناوي: ٤٦١/٤)، وكشف الخفاء ومزيل الالباس للعجلوني: ١٠٨/٢ برقم/١٨١٧)

١٠٠. بنوارە: (سنن أبي داود، كتاب الملاحم ، باب النهي عن تهييج الحبشة والترك برقم: ٤٣٠٤ )

وێرانکردنی ژێرخانی ئابووریی وڵات و تەقاندنەوەی مزگەوت و قوتابخانە و دوکــان و خــانووبەرە و هـێـڵـی نەوت و دەزگــا خــزمــەتگوزارییــەکــان و تیــرۆرکــردنی خــاوەن بیــر و عــەقڵ و زانست لە مــزگــەوت و زانکۆ و ناوەندەکاندا و هەڵگێڕانەوە و نەبشی گۆڕ و روفاتی پیاوچاک و زانایانی ئیسلام و.. هتد.

جگە لەم کارە تێکدەر و ناڕەوا و پڕ لە ریسوایی و شەرمەزارییانە هیچ کارێکی تریان نەکردووە، بێگومان ئەو کارانەیش تێکڕای پێچەوانەی یاساکانی ئیسلامە و بەهیچ شێوەیەک لە تەک دروشمە بریقەدارەکانیاندا هەرگیز یەک ناگرێتەوە، بەڵام دیارە ئامانجی ئەمانە تەنیا و تەنیا داگیرکردنی دەسەڵاتە بە هەر شێوازو بەهەر هۆکارێک بێت، وە لای ئەوان گرنگ ئامانجەکانە (فالغاية عندهم تبرّر الوسيلة) واتە: میکانیزم هەر چۆنێک بێت دروستە بگیرێتە بەر بۆ گەشتن بەئامانج، کە ئەمەیش لە بنەڕەتدا مەبدەئێکی یەهوودییە و لە کاتی خۆیدا (مکیافیللی) ئیتاڵی جاڕی بۆ داوە[١٠١]، بەپێچەوانەی یاسا گشتییەکەی ئیسلام کە تیایدا:

((الغاية لا تبرر الوسيلة))[١٠٢]

واتە: ئامانج ناکرێتە پاساو بۆ گرتنەبەری وەسیلە و میکانیزمی خراپ، وە بەدووریش نازانرێت بە تایبەت تیرۆریستانی کوردستان سەرەڕای ئامانجە پێشووەکان، بەکرێگیراویش بن لە پێناو لەباربردنی حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان!

لە کاتێکدا جیهاد لەگەڵ کافردا ئەحکام و هەلومەرج و داڕشتەی

١٠١. بنواڕە: (الخطر اليهودي، بروتوكولات حكماء صهيون محمد خليفة التونسي، ترجمة: عباس محمود العقاد: ص,٨٧ والخديعة، حقيقة القومية العربية وأسطورة البعث العربي، محمد الغزالي: ص ١٤٥).

١٠٢. (فتاوى الأزهر الشريف: ١٠ / ١٠٥، فتاوى معاصرة للقرضاوي: ٢ / ٤٧٥، مجلة مجمع الفقه الإسلامي التابع لمنظمة المؤتمر الإسلامي: ٢ / ١٨٩٧٠).

تایبەتی خۆی هەیە و لە سەرچاوە فیقهییەکانی ئیسلامیدا بەدرێژی باسیان لێوە کراوە، بۆ ئەوەی خەڵکێکی نەفامی هەرزە بە پێخاوسی نەکەوێتە ئەو دەشتە پڕ دڕک و داڵە و لە خۆیەوە حوکمی نادروست دەرنەکات و جیهاد رانەگەیەنێت بەرانبەر تاک و، کۆمەڵگەی ئیسلامی و حکوومەتەکانی کافر نەکات هەرچەندە ستەمکار و گوناهباریش بن!

چونکە ئیسلام پێویستی بە قەڵەم و مەعریفەت و زانست هەیە بۆ بڵاوبوونەوە و چاکسازی، نەک بە تەور و تەورداس، پێویستە هەمووان ئاوی نەمامەکان بدەین نەک قەلاچۆیان بکەین، یاخۆ لە بنیان دەربکێشین، با هەندێک لەو نەمامانەیش لێیان زەرد هەڵگەڕابێت، چونکە بەئاودانیان سەرلەنوێ دەژێنەوە و دێنەوە بەرهەم، خۆ هەموو نەمامێکیش مەرج نییە جوانیش بێت و سێبەریشی هەبێت و بۆنیشی خۆش بێت و بەرهەمداریش بێت؟

چونکە ئەو چوار سیفەتە لە کەم نەمام و رووەکدا دێتە جێ و کۆ دەبێتەوە، جا هەر نەمامێک هەر چواریانی تیادا نەبوو تۆ هەڵی پاچی و لە بنی بهێنی و داپاچی، ئەوا لە وڵاتدا هیچ نەمامێکت بۆ نامێنێتەوە و بەرچاوت ناکەوێت، جاری وەهایش لەبەر خاتری گوڵ چاوپۆشی لە دڕکیش دەکرێت خەڵکیش بە هەمان شێوە و شێوازن!

گرینگ ئەوەیە مرۆڤەکان رێک و تەبا و هاوکار و تەواوکار و هاریکاری یەکتر بن لە چاکەدا، وە لە سیفەتە چاکەکانیاندا چاو لە یەکتر بکەن و بە ئامۆژگاری و رێنوێنیی جوان بانگەشەی راستی بکەن، وە خەڵکی بۆ بەهەشت بەرن نەک بەرەو دۆزەخ، خوای گەورە دەفەرمووێت:

(فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ)[١٠٣]

---

١٠٣. (سورة آل عمران: ١٥٩).

هەروەها بەتەواوی حیکمەت و پەندیاری پێویستە بانگەشە بکرێت بۆ ئیسلام وەک قورئان دەفەرمووێت:

(ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ * وَإِنْ عَاقَبْتُمْ فَعَاقِبُوا بِمِثْلِ مَا عُوقِبْتُمْ بِهِ وَلَئِنْ صَبَرْتُمْ لَهُوَ خَيْرٌ لِلصَّابِرِينَ * وَاصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلاَّ بِاللَّهِ وَلاَ تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلاَ تَكُ فِي ضَيْقٍ مِمَّا يَمْكُرُونَ * إِنَّ اللَّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوْا وَالَّذِينَ هُمْ مُحْسِنُونَ)[١٠٤]

پاشان وەدەرنانی هێزی بێگانە چۆن بە کاری تیرۆر ئەنجام دەدرێت! بگرە وەک ئاشکرایە تیرۆر دەبێتە بەهانە و پاساو بۆ مانەوەیان! وەک چۆن بەهانەی هاتنیان بووە بۆ وڵاتانی ئیسلامی لە سەرەتادا .. کەواتە ئیرهاب هۆکاری هاتنیانە و پاساوی مانەوەشیانە، مانەوەی کاری تیرۆر بانگەشەیە بۆ مانەوەی هێزە دەرەکییەکان؟!

هەروەها گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و کارکردن بە کیتاب و سوننەت بە ئیرهاب و تۆقاندن و وێرانکاری چۆن پەیدا دەبێت؟ هەروەها ئیسڵاحی حکوومەت و دەسەڵات بە ئیرهاب کەی ساز دەبێت؟!

هەروەها بەتوندڕۆیی و ئاژاوە و تەکفیرکردن چاکە چۆن بە بەرهەم دێت، و کاری چاکە چۆن و کەی پێک دێت؟!

هەروەها بە کەسانێکی توندڕۆی تەکفیری نەشارەزا لە فیقهی ئیسلامی.. دەوڵەتی پڕ لە دادپەروەری ئیسلام چۆن بنیات دەنرێت؟ وە چرای پڕ لە ئاشتی و لێبووردەیی و دادپەروەری و ئاسوودەیی و سەعادەتی ئەو ئاینە بێ گەردە، چۆن داگیرساو و پرتەو بەخش و نومایان دەبێت؟!

---

١٠٤. (سورة النحل: ١٢٥-١٢٧).

## هۆكاری شەشەم – لایەنی ئابووری:

لەبەرئەوەی گەنج زوو هەڵدەخەڵەتێت بە پارە وماڵی دنیا، وە بارودۆخی ئابووریی جیهانی سێیەم بەگشتی و خەڵكی عێراقیش بەتایبەتی لە ئاستێكی نزمدایە، گەنجان بە گشتی هەژار و نەدار و بێكارن، تیرۆریستان و ئەوانەی لە پشتیانن ئەم هەلەیان بۆ جێبەجێكردنی ئامانجەكانی خۆیان قۆزتوەتەوە و بە زەبری دۆلار و زێڕ و.. هتد عەقڵ و رۆح و لاشەیان دەكڕن و كاری تیرۆریان پێ ئەنجام دەدەن، كە گوایە جیهادە و نێوان ئەوان و بەهەشت و حۆرییەكاندا تەنیا مردنە! بەم پێیەش خۆیان كردووە بە خاوەنی بەهەشت و دابەشی دەكەن، وەك دابەشكردنی (صک الغفران)ی قەشەكان و (كلیلی بەهەشتی) ئەوسای هەندێ لە ئاخوەندەكانی ئێران!

خوای گەورە هەڕەشە لەو جۆرە كەسانە دەكات و دەفەرموێت ئاخۆ ئەوان رەحمەت و رۆزی و بەهەشتی من دابەش دەكەن، وەك دەفەرموێت:

(أَهُمْ يَقْسِمُونَ رَحْمَت رَبِّكَ نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُمْ مَعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَرَفَعْنَا بَعْضَهُمْ فَوْقَ بَعْضٍ دَرَجَات)[١٠٥]

چونكە بێگومان كردنەوەی دەرگەی بەهەشت و چوونە بەهەشت، هەروا ئاسان نییە، وەك تیرۆریستان بیریان لێ كردووەتەوە، وەك قورئان دەفەرموێت:

(إِنَّ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا لاَ تُفَتَّحُ لَهُمْ أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَلاَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى يَلِجَ الْجَمَلُ فِي سَمِّ الْخِيَاطِ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُجْرِمِينَ)[١٠٦]

هەروەها باسی بەهەشتی كردووە كە دەبێت ئەهلی تەقوا و لە خواترس و كردەوەی چاكە و خاوەن ئیستیقامەت بن وەك دەفەرموێت:

---

١٠٥. (سورة الزخرف: ٣٢).

١٠٦. (سورة الأعراف: ٤٠).

(تِلْكَ الجَنَّةُ الَّتِي نُورِثُ مِنْ عِبَادِنَا مَنْ كَانَ تَقِيًّا)[١٠٧] . وَتِلْكَ الجَنَّةُ الَّتِي أُورِثْتُمُوهَا بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ)[١٠٨]

کەواتە بەهەشت جێگەی پیاوچاک و لە خواترس و خواناسانە، نەک تیرۆریست و خۆکژ و وێرانکار و پیاوکوژ و تالآنکار!.

**هۆکاری حەوتەم – کاری نادروست و کاردانەوەی نابەجێ:**

ئەم هۆکارە خۆی دەبینێتەوە بەشێوازێکی گشتی لە هەوڵی نادروستی هەندێ لە دەزگا پێوەندیدارەکانی دەوڵەت، لە سەرتاسەری جیهاندا لە مامەڵەکردن و چارەسەرکردنیان بۆ کاری تیرۆر، لە نموونەی چارەسەرکردنی هەڵەیەک کە لە گەنجێکی ناحاڵی هەڵخەتێنراوەوە روو دەدات بەئەنجامدانی هەڵەیەکی گەورەتر، چونکە چاکە هەرگیز وەک خراپە نییە، وە پێویستە بە چاکە و ئامۆژگاریی دروست ڕووبەڕووی خراپە ببینەوە، وەک قورئان دەفەرمووێت:

(وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحًا وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ الْمُسْلِمِينَ * وَلاَ تَسْتَوِي الحَسَنَةُ وَلاَ السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ * وَمَا يُلَقَّاهَا إِلاَّ الَّذِينَ صَبَرُوا وَمَا يُلَقَّاهَا إِلاَّ ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ * وَإِمَّا يَنْزَغَنَّكَ مِنَ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ)[١٠٩]

هەروەها لە نموونەی رەشبگیری لە کاتی ئەنجامدانی کارێکی تیرۆردا کە رەنگە گرتنی خەڵکێکی بێتاوانی لێ بکەوێتەوە، بە تەنیا شوبهە و گومان و، کە ئەمەیش لە شەریعەتی ئیسلامدا نادروستە، بگرە پێویستە دەزگا پێوەندیدارەکان لێکۆڵینەوەی تەواو ئەنجام بدەن بەر لە هەر کار و ڕووبەڕووبوونەوە و گرتنێک، وە پاش گرتن بە خێرایی کێشەکە بدرێتە

١٠٧. (سورة مريم: ٦٣).

١٠٨. ( سورة الزخرف: ٧٢).

١٠٩. (سوره فصلت: ٣٤-٣٦).

دادگە و دادوەر بەپێی یاسا یەکلای بکاتەوە، وەک قورئان دەفەرموویت:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنْ جَاءَكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوا أَنْ تُصِيبُوا قَوْمًا بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ)[١١٠]

یاخۆ لە نموونەی گرتنی خەڵکێکی تاوانبار بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەسبێ دادگەییکردن و لێپرسینەوەی دادپەروەرانە لە دۆسیەکەیان، کە خۆی لە خۆیدا کاردانەوەیەکی خراپی دەبێت چ لەسەر خودی گیراوەکان چ لەسەر خێزان و کەسوکارەکانیان، هەر بۆیەش زۆرجار دەبیسین و دەیخوێنینەوە کە هەندێ کەس پاش بەربوونیان لە زیندان راستەوخۆ چووەتە نێو ریزەکانی تیرۆریستانەوە، لە کاتێکدا رەنگە تیرۆریست نەبووبێت کە وەختێک گیراوە، یان تەنیا بۆچوونێکی چەوتی هەبووبێت دەکرا بە ئامۆژگاری و پەروەردەکردن بۆچوونەکەی راست بکرایەتەوە.

یاخۆ لە نموونەی هەڵسوکەوتی نابەرپرسیارانەی هەندێک کەس و تەوژم لە دنیادا بە تایبەت لە سووکایەتیکردن بە ئاین و بەها پیرۆزەکانی ئیسلام و موسڵمانان و جیانەکردنەوەی تیرۆریست لە تێکڕای موسڵمانان .. هەروەها هەڵکوتانە سەر مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکان لە دنیای ئیسلام و ولاتانی تریش بەبێ هۆکاری پێویست و راپێچکردنی خەڵکێک بۆ لێکۆڵینەوە بەبێ مۆڵەت و بریاری دادوەر.. هتد، ئەمانە و هاوشێوەکانیان بێگومان کاردانەوەیەکی خراپیان دەبێت و کاری توندڕۆیی و تیرۆریان لێ دەکەوێتەوە..

بۆیە زۆر گرینگە لایەنە پێوەندارەکانی دەسەڵات بەوردی چارەسەری شایستەی ئەو جۆرە حاڵەتە نەشازە و نادروستانە بکات، وە بەهانە نەدەن بەدەست تیرۆریستانەوە کە لەو کەلێنانەوە ژەهری کوشندەی خۆیان بڕژێنن، چونکە وەک زانراوە هەندێک کاری نابەجێ و تیرۆر لە کاردانەوەی

١١٠. (سورة الحجرات: ٦).

کارێکی نادروستی تیرۆرەوە سەرچاوەی گرتووە، بە نموونە:

١ـ هەندێ کاری توندڕۆیی کە لە وڵاتی فەڵەستیندا روو دەدات، لە ئەنجامی کاردانەوەی کاری نابەجێی حکوومەتی جوولەکەوە دەکرێت کە بەرانبەر بە موسڵمانانی ئەو وڵاتە ئەنجام دەدرێت بەپێچەوانەیشەوە هەندێک کاری نابەجێی تەوژمێکی توندڕۆ کاری نابەجێ و تۆڵەی گشتگیری حکوومەتی جوولەکەی لێ دەکەوێتەوە، کە پێویستە کێشەکان بە عەقڵی بەراوردکاری چارەسەر بکرێن.

٢ـ هەندێ کاری توندڕۆیی موسڵمانانی وڵاتی چیچان لە کاردانەوەی ستەمی دەیان ساڵی داگیرکەری رووسیاوە سەرچاوەیان گرتووە.

٣ـ هەروەها هەندێک کاری توندڕۆیی گرووپی چەکداری توندڕۆ لە وڵاتی تورکیا لە ئەنجامی کاردانەوەی کاری ستەمکارانەی حکوومەتی تورکە شۆڤێنییەکانەوە روو دەدات، کە بەرامبەر کورد و کەمایەتییە نەتەوەیی و عەقائیدییەکان بۆ زیاتر لە نیو سەدەیە بە بەرنامە ئەنجامی دەدەن.. چونکە لەژێر پاڵەپەستۆیەکی زۆر ترسناکدا ژیان بەسەر دەبەن و لە ئەنجامدا تەحەمول ناکەن و لە پێناو مانەوە و هێشتنەوەی بیر و بۆچوونەکانیان – راست بێت یان هەڵە – پەنا دەبەنە بەر کاری تیرۆریستی، کە بێگومان ئەمەیش چارەسەر نییە، بەڵام وەک شاعیر دەڵێت:

إذا يأس الإنســـانُ طالَ لســـانُه

كـ(سنورِ) المغلوبِ يصـولُ على الكلب

هەر لەبەر ئەم ئەنجامەیە قورئان رێگە نادات بەوەی کە موسڵمان هێرش بکاتە سەر پەرستراوی موشریک و کافرەکان، با بەتاڵ و ناشایستەش بن بۆ پەرستن، چونکە کاردانەوەکەی رەنگە خراپتر بێت، وەک قورئان دەفەرمووێت:

(وَلاَ تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ مَرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ)[١١١]

هەرچەندە بە دیدی ئێمە کاری توندڕۆیی و تیرۆر هیچ پاساوێکی شەرعیی نییە، وە بەهەموو شێوازێک گرینگە موسڵمانان رێگەی راستی ئیعتیدال بەرنەدەن، هەروەها کارێک نەکەن کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەکەدار بکەن، وە لە هەموو حاڵەتێکدا، لەگەڵ دۆست و دوژمندا پێویستە هەر دادپەروەر بن، وەک قورئان فەرمانی داوە و دەفەرمووێت:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا)[١١٢]

ئەمەی کە رابورد ئاشکراترین هۆکارەکانی تیرۆرە بەدیدی (توێژەر) کە ئەرکی تاک و کۆمەڵە بەوردی بڕوانێتە ئەو هۆکارانە و چارەسەری دەسبەجێیان بکات.

---

١١١. (سورة الأنعام: ١٠٨).

١١٢. (سورة المائدة: ٨).

باسی سێیەم

# چارەسەرییەکانی تیرۆر لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە

## دەتوانین لە چەند خاڵێکی کورتدا پوختەی چارەسەرییەکانی دیاردەی تیرۆر بخەینە ڕوو بەم پێیەی لای خوارەوە

**یەکەم:** هەوڵدانی دەسەلات و دەزگا پێوەندیدارەکانی گۆڕەپانی سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە پێناو:

أ- لە سنوورگرتن و کەمکردنەوەی دیاردەی توندڕۆیی بەهەموو جۆرەکانییەوە.

ب- قەلاچۆکردنی ڕەگەزپەرستی و دەمارگیری و خودپەسندی و... هتد.

ج- جۆشدانی کەسانی پێوەندیدار بەتایبەت بەرپرسان بۆ کارکردن بە ئاراستەی دادگەری کۆمەلایەتی و دروستکردنەوەی ژێرخانی ئابووری و ژیاندنەوەی گیانی دڵسۆزی و هاوکاری و، یارمەتیدانی تێکڕای خەڵکی، بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و زوبان و ناوچە و تیرە و هزر و بیر و لایەن و.. هتد، بۆ ئەوەی هاوولاتییان بە گشتی هەست بکەن بە دادپەروەریی کۆمەلایەتی لەناو داوودەزگاکانی حکوومەت و لە گشت شار و شارۆکەکاندا.

د - چارەسەرکردنی گەندەڵیی ئیداری و سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی بە ئەندازەیەک کە خەڵکی بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی، هەست بکەن بەمافی خۆیان لە کۆمەڵگەدا و بەو پێیەش هەڵدەستن بە پێویستی سەرشانیان بەرانبەر بە گەل و دەسەلات و نیشتمانیان، هەروەها کاریگەری گرووپە توندڕۆیەکان لەسەریان کەمتر دەبێتەوە و تەنانەت توندڕۆیەکانیش تا ئەندازەیەک دێنەوە بیر و هۆش و دەبنەوە بە هاوولاتییەکی میانڕەوی بە سوود بۆ کۆمەڵگەکەیان.

**دووەم:** دەزگا و ناوەندە پێوەندیدارەکان بەئاینی پیرۆزی ئیسلام لەوانە (وەزارەتی ئەوقاف و یەکەتیی زانایان و کۆلێج و سەنتەر و پەیمانگەکانی شەریعە و فیکری ئیسلامی.. هتد) پێویستە هاریکاری یەکتر بن و هاوکاریی تەواو بکرێن لە پێناو گەشەپێدانی جەوهەر و رۆحی ئیسلام کە بریتییە لە: (ئاشتی و لێبووردن و گفتوگۆ و لە تەک یەک ژیان و خۆشەویستی و تەبایی و هاریکاری و یارمەتیدان و میانرەوی و نوێبوونەوە و گەشبینی و کامەرانی و ژیاندنەوە و بەختەوەری و دادپەروەری و بڕوابوون بە خۆ و گەشەسەندن و پێشکەوتن و گرینگیدان بەبوارەکانی زانست و زانیاری و تەکنەلۆجیای سەردەم و فێربوون و فێرکردن و گفتوگۆ و وانەکانی جوانی و ئاسوودەیی و یەکتر ناسین لەنێو تێکڕای مرۆڤەکاندا بەبێ جیاوازی، هەروەها لابردنی توندوتیژی و تۆقاندن و یەکترکوژی و بەگژیەکداچوون و یەکتر نەخوێندنەوە و ئاژاوەگێڕی و نەفامی و دواکەوتن و خەڵک بەکافرکردن و ناردنی خەڵک بۆ دۆزەخ و بلاوکردنەوەی گیانی بێزاری لە ژیاندا هەروەها قەلاچۆکردنی گیانی تۆڵە سەندنەوەو رەشبینی و تاک رەوی و دیکتاتۆرییەت و خودپەسندی و دەمارگیری و..هتد)..

هەروەها لەو روانگەیەوە: گرنگە ئەو راستییانە بخرێنە روو بەمەبەستی کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینار و گفتوگۆو وتارو نووسین وە وتاریان لە تەک هەموو کۆمەلانی خەڵکی کوردستاندا بێت بەگشتی بە عەلمانی و ئیسلامی و نەتەوەیی و ئومەمیی و لایەندار و بێلایەن و هەموو چین و توێژەکانی میللەت.

وە لە رۆشنایی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆزەوە ئەو راستییانە بۆ خەڵکی دووپات بکرێنەوە، کە ئەمەی لای خوارەوە چەپکێکە لە ئایەتە پێوەندیدارەکانی قورئانی پیرۆز لەو چەمکانەی کە باسمان کردن کە دەکرێت بکرێنە مەشخەڵ و بەتوێژینەوەی دروستی بەرفراوان خەڵکیان

لێوە بەهرەمەند بکرێت، کە جەخت لەسەر پێویستیی پێکەوەژیانی مرۆڤەکان دەکات بەیەکەوە، هەروەها گیانی هاوکاری و سۆز و میهرەبانی و تەواوی واتا جوانەکانی بەپێویستی دەزانێت کە لە مرۆڤدا بەرجەستە بکرێت و پیادە بکرێت، لەو دەق و حوکمانەی قورئان کە بەگشتی باسی پێویستیی بەرجەستەبوونی بەها پیرۆزەکان و پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان دەکات:

١ـ (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)[١١٣] .

٢ـ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا)[١١٤] .

٣ـ (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ إِنَّ اللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُمْ بِهِ إِنَّ اللَّهَ كَانَ سَمِيعًا بَصِيرًا)[١١٥] .

٤ـ (وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَتَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ)[١١٦] .

٥ـ (قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ * قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ)[١١٧] .

---

١١٣. (سورة الحجرات: ١٣).

١١٤. (سورة المائدة: ٨).

١١٥. (سورة النساء: ٥٨).

١١٦. (سورة الأعراف :٥٦).

١١٧. (سورة الأعراف: ٣٢ـ٣٣).

٦ـ (قُلْ تَعَالَوْا أَتْلُ مَا حَرَّمَ رَبُّكُمْ عَلَيْكُمْ أَلاَّ تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَلاَ تَقْتُلُوا أَوْلاَدَكُمْ مِنْ إِمْلاَقٍ نَحْنُ نَرْزُقُكُمْ وَإِيَّاهُمْ وَلاَ تَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَلاَ تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ ذَلِكُمْ وَصَّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ)[١١٨] .

٧ـ (ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُ مُغَيِّرًا نِعْمَةً أَنْعَمَهَا عَلَى قَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ وَأَنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ)[١١٩] .

لەو دەقە پیرۆزانەی قورئانیش کە ڕێز لە بیر و بۆچوون و رای بەرانبەر دەگرێت:

١ـ (مَنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ وَمَنْ ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولاً)[١٢٠] .

٢ـ (وَإِنْ أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّى يَسْمَعَ كَلاَمَ اللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَ يَعْلَمُونَ)[١٢١] .

٣ـ (وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ)[١٢٢] .

سەبارەت بەپێویستیی بەرجەستەبوونی گیانی گفتوگۆ لە نێوان ئاینەکاندا بە تایبەت گاور و نەسرانییەکان کە قورئان بەوپەڕی بابەتییانە پۆلینیان دەکات و باسی لەو راستییە فەرمووە کە هەندێکیان لە هەندێکیان باشترن، بگرە لە زۆرێک لە دەقەکاندا ستایشی هەندێکیانی کردووە وە فەرمانی داوە بە موسڵمانان کە هەردەم بە نەرمونیانی بدوێن لە تەکیاندا لەو دەقانە:

---

١١٨. (سورة الإسراء: ٣٣).

١١٩. (سورة الأنفال: ٥٣).

١٢٠. (سورة الإسراء: ١٥).

١٢١. (سورة التوبة: ٦).

١٢٢. (سورة الكهف: ٢٩).

١ـ (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالنَّصَارَى وَالصَّابِئِينَ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَعَمِلَ صَالِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ)[١٢٣]

٢ـ (قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ)[١٢٤]

٣ـ (لَيْسُوا سَوَاءً مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ أُمَّةٌ قَائِمَةٌ يَتْلُونَ آيَاتِ اللَّهِ آنَاءَ اللَّيْلِ وَهُمْ يَسْجُدُونَ * يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنْكَرِ وَيُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَأُولَئِكَ مِنَ الصَّالِحِينَ * وَمَا يَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَلَنْ يُكْفَرُوهُ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ)[١٢٥]

٤ـ (لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَوَدَّةً لِلَّذِينَ آمَنُوا الَّذِينَ قَالُوا إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَى أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ * وَمَا لَنَا لَا نُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا جَاءَنَا مِنَ الْحَقِّ وَنَطْمَعُ أَنْ يُدْخِلَنَا رَبُّنَا مَعَ الْقَوْمِ الصَّالِحِينَ * فَأَثَابَهُمُ اللَّهُ بِمَا قَالُوا جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاءُ الْمُحْسِنِينَ)[١٢٦]

٥ـ (وَلَا تُجَادِلُوا أَهْلَ الْكِتَابِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِلَّا الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْهُمْ وَقُولُوا آمَنَّا بِالَّذِي أُنْزِلَ إِلَيْنَا وَأُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَإِلَهُنَا وَإِلَهُكُمْ وَاحِدٌ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ)[١٢٧]

---

١٢٣. (سورة البقرة: ٦٢).

١٢٤. (سورة آل عمران: ٦٤).

١٢٥. (سورة آل عمران: ١١٣ـ ١١٥).

١٢٦. (سورة المائدة: ٨٢ـ٨٥).

١٢٧. (سورة العنكبوت: ٤٦).

٦ـ (لاَ يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ)[١٢٨]

٧ـ (وَإِنَّ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَمَنْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِمْ خَاشِعِينَ لِلَّهِ لاَ يَشْتَرُونَ بِآيَاتِ اللَّهِ ثَمَنًا قَلِيلًا أُولَئِكَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِنْدَ رَبِّهِمْ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ)[١٢٩]

تەنانەت سەبارەت بەو گاور و بێباوەڕانەش کە پلان دەگێڕن بەرانبەر موسڵمانان و ڕێگەی توندوتیژییان هەڵبژاردووە، قورئان هانی موسڵمانان دەدات کە ئەمان چاوپۆشییان لێ بکەن وە خۆڕاگر بن و گیانی تۆڵەیان تیادا نەبێت لەو دەقانە:

١ـ (وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُوا وَاصْفَحُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)[١٣٠]

٢ـ (وَإِذَا جَاءَكَ الَّذِينَ يُؤْمِنُونَ بِآيَاتِنَا فَقُلْ سَلاَمٌ عَلَيْكُمْ كَتَبَ رَبُّكُمْ عَلَى نَفْسِهِ الرَّحْمَةَ أَنَّهُ مَنْ عَمِلَ مِنْكُمْ سُوءًا بِجَهَالَةٍ ثُمَّ تَابَ مِنْ بَعْدِهِ وَأَصْلَحَ فَأَنَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ)[١٣١]

٣ـ (وَلاَ تَسُبُّوا الَّذِينَ يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ فَيَسُبُّوا اللَّهَ عَدْوًا بِغَيْرِ عِلْمٍ كَذَلِكَ زَيَّنَّا لِكُلِّ أُمَّةٍ عَمَلَهُمْ ثُمَّ إِلَى رَبِّهِمْ مَرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ)[١٣٢] .

لەو دەقە قورئانییە پیرۆزانەش کە بە گشتی هانی موسڵمانان دەدات کە هەردەم خۆڕاگر و دڵسۆز و میهرەبان بن، بانگهێشتن بکەن بە ڕێگەی عەقڵ و حیکمەت و دانایی پەندیاری، دوور بن لە توندوتیژی، ڕەفتار و کردار و

---

١٢٨. (سورة الممتحنة: ٨).

١٢٩. (سورة آل عمران: ١٩٩).

١٣٠. (سورة البقرة: ١٠٩).

١٣١. (سورة الأنعام :٥٤).

١٣٢. (سورة الأنعام: ١٠٨).

گوفتاریان شیرین و جوان بێت:

١ـ (لَقَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِنْ أَنْفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ)[١٣٣]

٢ـ (فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ)[١٣٤]

٣ـ (وَلَا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا)[١٣٥]

٤ـ (يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشَاءُ وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ)[١٣٦]

٥ـ (وَهُدُوا إِلَى الطَّيِّبِ مِنَ الْقَوْلِ وَهُدُوا إِلَى صِرَاطِ الْحَمِيدِ)[١٣٧]

٦ـ (يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَتْكُمْ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ)[١٣٨]

٧ـ (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)[١٣٩]

٨ـ (قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)[١٤٠]

---

١٣٣. (سورة آل عمران: ١٣٤).

١٣٤. ( سورة آل عمران: ١٥٩).

١٣٥. (سورة النساء: ٢٩).

١٣٦. (سورة البقرة: ٢٦٩).

١٣٧. (سورة الحج: ٢٤).

١٣٨. (سورة يونس: ٥٧).

١٣٩. (سورة الروم: ٢١).

١٤٠. (سورة الزمر: ٥٣).

٩ـ (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا وَمَا جَعَلْنَا الْقِبْلَةَ الَّتِي كُنْتَ عَلَيْهَا إِلاَّ لِنَعْلَمَ مَنْ يَتَّبِعُ الرَّسُولَ مِمَّنْ يَنْقَلِبُ عَلَى عَقِبَيْهِ وَإِنْ كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلاَّ عَلَى الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَانَكُمْ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ)[١٤١]

١٠ـ (وَوَصَّيْنَا الإِنْسَانَ بِوَالِدَيْهِ حُسْنًا وَإِنْ جَاهَدَاكَ لِتُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ)[١٤٢]

١١ـ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالأُنْثَى بِالأُنْثَى فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ذَلِكَ تَخْفِيفٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ )[١٤٣]

**سێیەم**: پێویستە لەسەر میدیا و دەزگاکانی راگەیاندن (بینراو و بیسراو و خوێنراو)، فەرمی و ئەهلی، سەر بەلایەن و سەربەخۆ، لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان، پێویستە بەها پیرۆزەکانی ئیسلام و موسڵمانان بپارێزن و رێزیان لێ بگرن، سووکایەتی نەکرێت تیایاندا بەئیسلام و مزگەوت و زانایانی ئیسلام و.. هتد چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بیروباوەڕی لە سەدا نەوەد و نۆی ئەم میللەتە و میللەتانی دراوسێیە، بەپێچەوانەوە هەست و نەستی ملیۆنان ئیرادەتمەندی ئیسلام بریندار دەبێت و بێگومان کاردانەوەی خراپی لێ پەیدا دەبێت، وە ئەو کات راگەیاندن رۆڵێکی خراپی دەبێت و هۆکاری سەرەکیی دەبێت لە گەشەسەندنی دیاردەی تیرۆر، هەروەها کاردانەوە روو دەدات لەلایەن جەماوەری موسڵمانانەوە، کە ناچارن بەرگری لە ئاینەکەیان بکەن، وە بەهانە و بەڵگەی شەرعیش ئەو

١٤١. (سورة البقرة: ١٤٣).
١٤٢. (سورة العنكبوت: ٨).
١٤٣. (سورة البقرة :١٧٨).

کات بەدەستەوە دەبێت، چونکە لە ئیسلامدا بەرگریکردن لە ئاین و بەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیکردنە سەری لەپێش نەفس وماڵەوەیە، چونکە لای زانایانی فیقە و ئوسووڵی فیقهی ئیسلامی لە پێنج مەبەستەکەی شەرع و پێنج زەروورەتە شەرعییەکانە کە برێتین لە پارێزگاریکردن لە (ئاین و رۆح و عەقڵ و شەرەف و سامان)[144]، کە پارێزگاری لە ئاین لە خانەی یەکەمدایە و لەپێش هەموویانەوەیە.

بەڵێ لە ئیسلامدا سنوور بەزاندن دروست نییە و دەستدرێژی ناکرێتە سەر کەس، بەڵام دەستدرێژیش لە کەس قەبووڵ ناکرێت، بۆیە دروستە دەستدرێژی و ناهەقی بەرپەرچ بدرێتەوە، بەڵام هەر جۆرە دەستدرێژییەک بە هاوشێوەکەی خۆی، وە لە رێگەی یاسایی خۆیەوە، وەک قورئانی پیرۆز لە چەندین ئایەتی پیرۆزدا ئەو ئەحکامانەمان بۆ روون دەکاتەوە، لەو ئایەتانە:

١ـ (الشَّهْرُ الْحَرَامُ بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ فَمَنِ اعْتَدَى عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَى عَلَيْكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ)[145] .

٢ـ (إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَابًا مُهِينًا (٥٧) وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا)[146] .

٣ـ (وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ)[147] .

---

١٤٤. بنوارە: (الإحكام في أصول الأحكام لأبي الحسن الآمدي ، بتحقيق : د. سيد الجميلي: ٣ / ٣٠٠، والمحصول في علم الأصول للإمام فخرالدين الرازي بتحقيق: طه العلواني: ٥ / ٢٢٠).

١٤٥. (سورة البقرة: ١٩٤).

١٤٦. (سورة الأحزاب: ٥٧ـ٥٨ ).

١٤٧. (سورة البقرة: ١٩٠).

کەواتە پێویستە هەموو گرووپ و نەتەوە و ئاینێک لە کوردستاندا رێز لە بەرانبەرەکەی بگرێت وە دەستدرێژی و دەمدرێژی نەکاتە سەر بەرانبەر، پێویستە بۆ ئەم مەبەستەیش پەرلەمان یاسای گونجاوی روون و بەهێز دەربکات و حکوومەتی هەرێمیش بڕیار و یاساکان پیادە و پەیڕەو بکات.

**چوارەم:** پێویستە زانایانی ئیسلام لە کوردستاندا لە رێگەی لێژنەی فەتوای سەر بەیەکەتیی زانایان، بە هاوئاهەنگی لە تەک پسپۆڕانی ئەم بوارە و، بە سوودوەرگرتن لەم توێژینەوەی ئێمە و هاوشێوەکانی، گەڵاڵەی پرۆژە یاسای تیرۆر بکەن و دایبڕێژن سەبارەت بەناساندنی تیرۆر و شێوازەکانی و ئاکام و بەرەنجامەکانی، هەروەها حوکم و سزاکانی لە روانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە..

**پێنجەم:** بەهۆی ژێردەستەیی دەیان ساڵەی گەلی کورد و زەوتکردنی مافەکانی و داگیرکردنی خاک و ئیرادە و .. هتد، بە درێژاییی مێژوو نەیتوانیوە لە پرۆژە و پرۆگرامی خوێندندا وەک پێویست هاوکار بێت، وە دوژمن توانیویەتی تا ئەندازەیەک، ژەهری کوشندەی رەگەزپەرستی و دەمارگیری عەرەبی و.. هتد، بخاتە نێوەندی پرۆگرامی خوێندنەوە لە زۆرێک لە قۆناغەکانی خوێندندا وە لە هەموو ئاستێکدا، تەنانەت بەداخەوە کار گەیشتبووە ئەوەی هەندێ لە بەناو ئەکادیمییەکان لێرە و لەوێ نامەکانی (ماستەر و دوکتۆرا)یان لەسەر (الفكر القائد)ی رێژیمی بەدناوی بەعس دەنووسی و لە ریزی پێشەوەی سەناخوانانی دیکتاتۆرە بەدناوەکەی ئەوسای عێراقدا بوون!

بۆیە ئێمە لە تەک گۆڕانکاریداین لە پرۆگرامدا، بەڵام بەشێوازێکی پەندیارانە کە واقیعبین بێت و تیرۆر کەم بکاتەوە، نەک گەشەی پێ بدات، وە کاریگەری نێگەتیڤانەی نەبێت بۆ سەر ئیسلام، کە ئاینێکی بەخواهیشت هەڵبژێردراوی گەلی کوردی موسڵمانە..

**شەشەم:** پێکهێنانی لێژنەیەکی پسپۆڕ لە هەموو لایەکی پێوەندیدار بەکێشەی تیرۆر بەمەبەستی پێناسەکردنی هەندێ زاراوەی ئیسلامی کە تیرۆریستان لێیانەوە دزە دەکەن وە بە ناشارەزایی بەکاریان دێنن لە چالاکییەکانیاندا و گەنجی نەفامی پێ هەڵدەخەڵەتێنن، لەوانە زاراوەکانی:

(الجهاد في الاسلام، المقاومة الشرعية، الكفر وأسبابه، تحكيم الشريعة وضوابطه، إحقاق الحق وإبطال الباطل، الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر و كيفية ذلك، السياسة الشرعية، الدين والدولة، السنة والبدعة، الإمامة والخلافة، الولاء والبراء، التعامل مع أهل الكتاب، البغاة، الحرابة).. هتد.

ئەمانە کە پێویستە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە تەک یەکە یەکەیان بکرێت بۆ دەرخستنی واتا دروستەکانیان و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان و شوێن و کاتی دروستی بەپێی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلام.

**حەوتەم:** لەبەرئەوەی پەنجەکانی دەست وەک یەک نییە و بەردەوام بیر و بۆچوون لە گۆڕاندایە، پێویستە دەرگەی گفتوگۆ و لەیەک حاڵیبوون لە کەس نەیەتە داخستن، چونکە مەرج نییە لە سەدا سەدی راستییەکان لای تۆ بێت و بەرانبەرەکەیشت سەرتاپای هەڵە و خراپە و چەوتی بێت، هەروەها بیرکردنەوەی تەنانەت گرووپە توندڕۆیەکان بەردەوام لە گۆڕانکاریدایە، بۆیە پێویستە هەمیشە وەک دەڵێن مووەکەی معاوییە لە نێواندا هەر بمێنێتەوە، بەمەبەستی چاکسازی و چاکەخوازی، ئەو حەقیقەتەیش لەم ئایەتانەی لای خوارەوەدا رەنگ دەداتەوە:

١- (وَلاَ تَسْتَوِي الحْسَنَةُ وَلاَ السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ)[١٤٨] .

٢- (وَقُلْ لِعِبَادِي يَقُولُوا الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ

---

١٤٨. (سورة فصلت: ٣٤).

الشَّيْطَانَ كَانَ لِلإِنْسَانِ عَدُوًّا مُبِينًا)[١٤٩] .

٣ـ (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ)[١٥٠] .

له كوردستانی خۆشماندا ئەو تاقیكردنەوانە تا ئەندازەیەكی باش سەركەوتوو بووە، بۆیە دەبینین ئەمڕۆ زۆرێک لە ئەندامانی پارت و تەوژمە توندڕۆكانی ئیسلامی سیاسی، خزاونەتە پرۆسەی سیاسی و كاری هێمنانە دەكەن و رازین بەدیاریكردنی چارەنووسیان لە ڕێگەی هەڵبژاردنەكانەوە.. كە ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ كاردانەوەی باشی دانوستاندن و گفتوگۆ..

**هەشتەم:** ئەو نەهامەتییانەی دیاردەی ڕەشی تیرۆر دروستی كردووە، بەشێک لە بڵاوبوونەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ناڕۆشنبیری و خراپیی بەشێكی خەڵكی و دووركەوتنەوە و گوێنەدانیان بە فەرمانەكانی خوا و پێغەمبەری خوا (دروودی خوای لەسەر بێت) هەروەها زۆربوونی تاوان و گوناهـ و خراپەكاری لە سەرتاسەری جیهاندا، بە كوردستانیشەوە، كە بێگومان ئەوە دەبێتە هۆی بارینی غەزەب و قەهری پەروەردگار (جل جلاله)- خوای گەورە پەنامان بدات – وەک قورئان دەفەرموێت:

(ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ* قُلْ سِيرُوا فِي الأَرْضِ فَانْظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِنْ قَبْلُ كَانَ أَكْثَرُهُمْ مُشْرِكِينَ * فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ الْقَيِّمِ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَ يَوْمٌ لاَ مَرَدَّ لَهُ مِنَ اللَّهِ يَوْمَئِذٍ يَصَّدَّعُونَ * مَنْ كَفَرَ فَعَلَيْهِ كُفْرُهُ وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلأَنْفُسِهِمْ يَمْهَدُونَ * لِيَجْزِيَ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ مِنْ فَضْلِهِ إِنَّهُ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ)[١٥١] .

---

١٤٩. (سورة الإسراء: ٥٣).

١٥٠. (سورة النحل: ١٢٥).

١٥١. (سورة الروم: ٤١ ـ ٤٥).

ئەو تیـــرۆرەیش وەک بـەڵا و وەبایـەک پەیدا بووە و تـەڕ و وشک و بـاش و خـراپی پێـوە دەسووتێت، کـە ئەوەیش سـوننەتی پەروەردگارە لە دنیـادا بۆیە پێـویستـە بەر لە دروستـبـوونی بەڵاکە تێکڕا خـۆمـانی لێ بپـارێزین، وەک خوای گەورە دەفەرمووێت:

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ * وَاتَّقُوا فِتْنَةً لَا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ)[١٥٢] .

بۆیە گرینگە لە تەک چارەسەرییەکانی پێشوودا، هەریەک لە ئاستی خۆی پاشگەز ببێتەوە لە گوناهەکانی و تەوبەی راستەقینە بەرانبەر بەخالیقەکەی ئەنجام بدات، بەڵکە خـوای گەورە بە بەزەیی خۆیی و پاشـان بە هـاوکاریی دڵسۆزانی ئاین و نیشتمـان، ئەو بەڵا گەورەی ئەم چەرخە کە پێی دەگوترێت تیرۆر لەسەرمان هەڵگرێت..

---

١٥٢. (سورة الأنفال:٢٤ـ٢٥).

## کۆتایی توێژینەوەکە

دوای گەشتێک بەناو ئەم توێژینەوەدا، دەتوانین گرینگترین ئاکام و راسپاردەکانی بەگوشارەیی و پوختی، بخەینە ڕوو لەم چەند خاڵەدا.

### ١ـ ئەنجامەکان

١ـ کاری تیرۆر و تۆقاندن بەهەموو جۆرەکانییەوە لە روانگەی ئیسلامەوە نادروست و مەحکوم کراوە.

٢ـ ئیسلام بەرپرس نییە لە کاری تیرۆریستان، چونکە کردارەکانیان بەپێچەوانەی دەق و بنەماکانی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامەوەیە، زۆرجار خودی ئیسلام دەکرێتە ئامانج لە دوژمنانییەوە بەمەبەستی ناشیرینکردنی ئەو ئاینەو ناوزڕاندنی، کاری تیرۆر مەبەست و هۆکاری زۆرە و لە تەواوی دنیادا بەربڵاوە و تایبەت نییە بە ئاینێک یان هزرێک یان گرووپ و لایەنێک یاخۆ ناوچە و سەردەمێک، پێویستە بێتە چارەسەرکردن کە ئەم توێژینەوە چەندین خاڵی گرینگی لە چارەسەرییەکانی تیرۆر و توندڕەوی پێشکێش کردووە وەک لە باسی سێیەمی توێژینەوەکەدا بە درێژی باسیان لێوە کراوە.

٣ـ تیرۆر هەموو جۆرە ترساندن و تۆقاندن و کردارێکی خراپ دەگرێتەوە، کە هەر کەس و تاقم و کۆمەڵێک ئەنجامی بدات، بەرانبەر بە هەر رەگەز و ئاین و بەرانبەرێک، بە شێوەیەک کە پێداویستی و مەبەستە سەرەکییە شەرعییەکانی ئیسلام کەسی بەرانبەر بخاتە مەترسییەوە کە برێتین لە: (ئاین و گیان و عەقڵ و شەرەف و سامان) وە هەر بوارێکی تریش لە جوانکارییەکانی ژیانی مرۆڤ، وە لە هەر کات و ساتێکدا بێت و بە هەر

بەهانەیەک بێت، وە بە هەر ناونیـــشـــانێک و بەناو هەر ئاین و تەوژم و ئایدیۆلۆجیایەک ئەنجام بدرێت.

٤ـ باشترین زاراوە و نزیکترینیان لە وشەی (تیرۆر) کە قورئان روونی کردبێتەوە برێتییە لە دەستەواژە و تەعبیری: (الفساد في الأرض) کە دەقاودەق پڕ بەپێستی تیرۆرە، کە بە گشتی هەموو جۆرە وێرانکارییەک لەسەر زەویدا دەگرێتەوە، بەو پێیە تیرۆریستان واتە: (المفسدون في الأرض)، کردارەکانیان تێکدەرانەیە و پێویستە بێنە سزادان، بەهەردوو ئایەتی پیرۆزی: (إِنَّمَا جَزَاءُ الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا أَنْ يُقَتَّلُوا أَوْ يُصَلَّبُوا أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُمْ مِنْ خِلَافٍ أَوْ يُنْفَوْا مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ * إِلاَّ الَّذِينَ تَابُوا مِنْ قَبْلِ أَنْ تَقْدِرُوا عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ)[١٥٣].

٥ـ لە ئیسلامدا دروست نییە خۆتەقاندنەوە و خۆکوشتن، وە ئەنجامدەرانی لە دۆزەخی هەتاهەتایی دەمێننەوە، چونکە کارەکەیان نەگریسەو پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلامە، بەپێی دەقەکانی شەریعەتی ئیسلام.

٦ـ دروست نییە کوشتنی هیچ کەسێک مەگەر بەپێی بڕیاری دادگەی سەربەخۆی شەرعی جێگیر بووبێت، وە ئەوکاتیش لە جیهەتی حکوومەتەوە پێویستە بێتە جێبەجێکردن.

٧ـ کافر و بێباوەڕ لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەموو مافێکی پارێزراوە بەتایبەت ئەوانەی ئەم زاراوە شەرعییانە دەیانگرێتەوە: (الذمي، الكتابي، المعاهد، المستأمن، المستجير) هەروەها: (الوفود، السفراء، الحرفيون، المستثمرون، الوافدون).

٨ـ هیچ کەسێک بۆی نییە خەڵکی بنێرێت بۆ بەهەشت یان دۆزەخ، چونکە ئەو فەرمانانە تایبەتمەندن بە خواوە، وەک دەفەرمووێت:

---

١٥٣. (سورة المائدة : ٣٣ـ٣٤).

(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَيْكُمْ أَنْفُسَكُمْ لاَ يَضُرُّكُمْ مَنْ ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ إِلَى اللَّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ) [١٥٤] هەروەها دەفەرمووێت: (تِلْكَ الْجَنَّةُ الَّتِي نُورِثُ مِنْ عِبَادِنَا مَنْ كَانَ تَقِيًّا)[١٥٥] . وە کەسیش ناتوانێت لەلای خوا خۆی بپاڵێوێت وەک دەفەرمووێت: ]الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلاَّ اللَّمَمَ إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الأَرْضِ وَإِذْ أَنْتُمْ أَجِنَّةٌ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ فَلَا تُزَكُّوا أَنْفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى)[١٥٦]

## ٢ـ راسپاردەکان

١ـ خوای گەورە (جل جلاله) ڕێزی لە مرۆڤ گرتووە، وەک دەفەرمووێت: (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا)[١٥٧]، بۆیە پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت، وە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە یەکترناسین و لە یەکتر گەیشتن وەک دەفەرمووێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)[١٥٨] ، هەروەها فەرمانی داوە کە هاوکاری یەکتر بین لەسەر چاکە و لە خوا ترسان وەک دەفەرمووێت: (وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُوا عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ)[١٥٩] خوای گەورە ئاینی ئیسلامی بە ڕەحمەت و خەڵات ناردووە بۆ خەڵکی بەگشتی وەک

---

١٥٤. (سورة المائدة: ١٠٥).

١٥٥. ( سورة مريم: ٦٣).

١٥٦. (سورة النجم: ٣٢).

١٥٧. (سورة الإسراء: ٧٠).

١٥٨. (سورة الحجرات: ١٣).

١٥٩. (سورة المائدة: ٢).

دەفـەرمـوویّت: (يَا أَيُّهَـا النَّاسُ قَـدْ جَـاءَتْكُمْ مَـوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَشِفَـاءٌ لِمَا فِي الصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ)[١٦٠]. ئاشكرايشـه كـه وەرگرتنـی رەحمـەت و خـەلاتيش نابيّت بەزۆر و ترسـاندن بيّت وەک دەفـەرمـوویّت: (لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْ تَبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ)[١٦١]. بگره پيّويستـه به كـەماڵی خۆشحـاڵی و ئارەزوومەندانه بيّت وەک دەفەرمووێت: (وَقُلِ الْحَقُّ مِنْ رَبِّكُمْ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ)[١٦٢] ئەوسـا هـەر كـەس له پاشـەڕۆژی خـۆی بـەرپرسـه وەک دەفـەرمـوویّت: (مَنْ عَمِلَ صَالِحًا فَلِنَفْسِهِ وَمَنْ أَسَاءَ فَعَلَيْهَا وَمَا رَبُّكَ بِظَلاَمٍ لِلْعَبِيدِ)[١٦٣] (يَوْمَ تَجِدُ كُلُّ نَفْسٍ مَا عَمِلَتْ مِنْ خَيْرٍ مُحْضَرًا وَمَا عَمِلَتْ مِنْ سُوءٍ تَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهَا وَبَيْنَهُ أَمَدًا بَعِيدًا وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ)[١٦٤] ، هـەروەها هيدايـەتی حـەقيـقی كـەس كه بيگەيەنيّتـه بەهـەشتـەوە به دەست كەس نييه جگه له پەروەردگار (جل جلاله) وەک دەفـەرمووێت: (إِنَّكَ لاَ تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ)[١٦٥]، پيّويست به دڵگرانی و شـپرزەبوون ناكات وەک دەفـەرمـوویّت: ( فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَفْسَكَ عَلَى آثَارِهِمْ إِنْ لَمْ يُؤْمِنُوا بِهَذَا الْحَدِيثِ أَسَفًا)[١٦٦] .

٢ـ چەنديّک لەناو كـۆمـەڵگەدا گـيـانی ليّبـووردن و خـۆشـەويسـتی بلاو بكريّتـەوە و پەيڕەوی دايەلۆگ و گـفـتـوگـۆ بكريّت و هـەسـتی هـاوكـاری و يارمـەتيدان و يەكترناسـين و لەيەک تيّگەيشتن و سـۆز و مـيهرەبانی گەشـه بســەنيّت و بـەرەوپيّش بـچـيّت، ئەوەنـدە ديـاردەی تيـرۆر و تيـرۆريسـتـان

١٦٠. (سورة يونس: ٥٧).
١٦١. (سورة البقرة: ٢٥٦ ).
١٦٢. (سورة الكهف: ٢٩).
١٦٣. (سورة فصلت: ٤٦).
١٦٤. (سورة آل عمران: ٣٠).
١٦٥. (سورة القصص: ٥٦).
١٦٦. (سورة الكهف: ٦).

سنووردار دەبن و بەرەو کـزی دەچن، بەپێـچـەوانـەیشـەوە هاوکـێـشـەکـە وەردەگەڕێتەوە!

٣ـ چارەسـەرکـردن و بنەبڕکـردنی فـەسـاد و تیـرۆر پێـویست و واجـبی سـەرشـانی مـوسڵـمـانی راسـتـەقـینـەیە، بەئایەتی پـیرۆزی: (فَلَوْلاَ كَانَ مِنَ الْقُرُونِ مِنْ قَبْلِكُمْ أُولُو بَقِيَّةٍ يَنْهَوْنَ عَنِ الْفَسَادِ فِي الأَرْضِ إِلاَّ قَلِيلًا مِمَّنْ أَنْجَيْنَا مِنْهُمْ وَاتَّبَعَ الَّذِينَ ظَلَمُوا مَا أُتْرِفُوا فِيهِ وَكَانُوا مُجْرِمِينَ)[١٦٧] .

٤ـ بەگـشـتـی ئاسـتـی رۆشنبـیـریی ئاینـی و کـۆمـەڵایەتی و رامـیـاری و نەتەوەیی لە کوردستاندا کزە و لە ئاستی مـەترسییەکاندا نییە و پێویستە گـەشـەی پێ بدرێت و، بەتایبـەتی کـوڕ و کـۆمـەڵ ئاگـەدار بکرێنەوە لە مەترسییەکانی تیرۆریزم لە هەموو بوارەکاندا..

٥ـ راگەیاندن تفەنگێکی دوو سەرەیە، بۆیە پێویستە کەسانێکی شارەزا و دڵسـۆز و بـە ئاین و نیشـتـمـان و نەتەوەکـەمـان بەرپرس بن لێیـەوە و هـەڵی سـووڕێنن، بـۆ ئەوەی کـەسـانێکی نەفس نزمـی دوژمن بە ئیسـلام، بەناوی چارەسـەرکردنی دیاردەی تیرۆر، سنووری شـەرع و یاسـا نـەبەزێنن، چونکە تیرۆر لەژێر هەر پەردەیەکدا بێت هەر تیرۆرە و بە توندی مەحکوم دەکرێت.

٦ـ بانگەواز بۆ سـەر رێگەی راست، پێویسـتـە بە حیکمـەت و پەندیاری و ئامـۆژگـاریی جـوان و هـێـمنی و ئاشـتـیـیـانە بێت، نەک بە توندوتیـژی و هـەڵچـوون و داچوون و شـەڕ و ئاشووب: وەک خـوای گـەورە فەرمانی داوە و دەفـەرمـوویێت: (ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ)[١٦٨] . هـەروەهـا گـــرینگە بە بەرچاوڕۆشـنـی ئەنجـــام بـدرێت وەک قـــورئان دەفـەرمـوویێت: (قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي

١٦٧. (سورة هود: ١١٦).

١٦٨. (سورة النحل: ١٢٥).

وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ)[١٦٩]، هەروەها بە میانڕەویی بێت وەک دەفەرمووێت: (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِتَكُونُوا شُهَدَاءَ عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا)[١٧٠] .

هەروەها تەنیا و تەنیا لە پێناو ڕەزامەندیی پەروەردگاردا بێت نەک لەبەر جاه و زەعامەت و شوهرەت و حزبایەتی و سیاسەتکردن و دەمارگیری و کەسبی ماڵی دنیا وەک قورئان دەفەرمووێت: (وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصلاَّةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ)[١٧١] .

٧ـ هۆکارەکانی تیرۆری بەناو ئیسلامی زۆرن لە گرینگترین و ترسناکترینیان هۆکاری تێنەگەشتنە لە ئیسلام و دەقەکانی قورئان و سوننەت، پاشان هۆکاری فیکری و رامیاری و ئابووری .. هتد، بۆیە زۆر گرینگە بایەخ بدرێت بەباری ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە، وە لە پرۆسەی خوێندندا راستییە شەرعییەکانی تایبەت بە مەحکومکردنی تیرۆر و مەترسییەکانی ئەو دیاردەیە لەسەر ئیسلام و کۆمەڵگەی ئیسلامی روون بکرێنەوە هۆکار و چارەسەرییەکانی روون بکرێنەوە لەلایەن کۆمەڵێک پسپۆڕی شارەزا لە بوارەکانی فیقه و ئوسوولی فیقه و عەقائیدی ئیسلامیدا .

٨ـ چارەسەرییەکانی تیرۆر وەک باسمان کردووە زۆرن، وە پێویستە گرینگییان پێ بدرێت، وە لە توێژینەوەدا تێکڕایان دەشێت بکرێنە پێشنیازی بە کەڵک و راسپاردەی شیاو، لە گرینگترین چارەسەرییەکان: ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەیە، بۆ ئەوەی ئیسلامی راستەقینە جیا بکرێتەوە لە هەڵسوکەوتی کەسانێکی جادووگەری فێڵبازی هەلپەرستی تێکدەری بێ ویژدان، کە بیانەوێت لەژێر پەردەی بێگەردی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا

---

١٦٩. (سورة يوسف: ١٠٨).

١٧٠. (سورة البقرة: ١٤٣).

١٧١. (سورة البينة: ٥).

مەرامە تایبەتییەکانی خۆیان بهێنێتە دی!

بەهیوای ئەوەی کە ئەم توێژینەوەیە سوودگەیێن بێت بەتایبەت بۆ خوێنەرانی میللەتی کوردی موسڵمان، وە توانیبێتم تا ئەندازەیەک تیشک بخەمە سەر دیاردەی تیرۆر وە هۆکار و چارەسەرییەکانیمان دەستنیشان کردبێت، ئەگەر باش بێت ئەوە لە خواوەیە، وە بە سوپاسەوە ئامادەی هەر سەرنج و تێبینی و ڕەخنەیەکی دروستکارم لە هەر توێژەرێکی دڵسۆز بە ئاین و نیشتمان بابەتەکە دەوڵەمەندتر بکات یان بۆچوونێکی لاوازی بەندە لە بڕگەیەک لە بڕگەکانیدا بەهێزتر بکات یان راستی بکاتەوە.. چونکە مەبەست لەم توێژینەوەیەدا چاکە و ئیسلاحە بەپێی توانا، خوای گەورە هاوکاری هەموو خێرکار و چاکەخوازێک بێت، ئامین..

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين،

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

## سەرچاوەکان

* قورئانی پیرۆز.

١. الإحكام في أصول الأحكام للآمدي أبي الحسن علي بن محمد، بتحقيق: د. سيد الجميلي ط١، دار الكتاب العربي – بيروت، ١٤٠٤هـ.

٢. الآداب الشرعية والمنح المرعية، الإمام أبو عبدالله محمد بن مفلح المقدسي المتوفي ٧٦٣هـ، تحقيق شعيب الأرنؤوط وعمر القيام، مؤسسة الرسالة، بيروت – لبنان ١٩٩٦م.

٣. الأم، للإمام الشافعي ت ٢٠٤هـ، ط٢، دار المعرفة، بيروت، ١٣٩٣هـ.

٤. تأريخ الامم والملوك، (تأريخ الطبري)، الامام محمد بن جرير ابوجعفر الطبري المتوفي ٣١٠هـ، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان، ١٤٠٧هـ.

٥. تحفة الأحوذي شرح جامع الترمذي، أبو العلا محمد عبدالرحمن بن عبدالرحيم المباركفوري ت ١٣٥٣هـ، دار الكتب العلمية، بيروت – لبنان.

٦. تفسير التحرير والتنوير المعروف بتفسير إبن عاشور، للشيخ محمد الطاهر بن محمد بن محمد الطاهر بن عاشور التونسي (المتوفي: ١٣٩٣هـ)، ط١، مؤسسة التاريخ العربي، بيروت – لبنان، ١٤٢٠هـ – ٢٠٠٠م.

٧. التمهيد لإبن عبدالبر، أبي عمرو يوسف بن عبدالله النمري ت ٤٦٣هـ، وزارة عموم الأوقاف والشؤون الإسلامية، طبعة المغرب، ١٣٨٣هـ.

٨. جامع البيان في تفسير القرآن، لأبي جعفر محمد بن جرير الطبري المتوفي ٣١٠هـ، ط٤، دار المعرفة، بيروت– لبنان، ١٤٠٠هـ– ١٩٨٠م.

٩. الجامع لأحكام القرآن، لأبي عبدالله محمد بن أحمد بن أبي بكر القرطبي المتوفي ٦٧١هـ، تحقيق: أحمد عبدالعليم البراوي، دار الشعب، القاهرة،

١٣٧٢هـ.
١٠. الخديعة، حقيقة القومية العربية وأسطورة البعث العربي، محمد الغزالي، ط١، دار نهضة مصر.
١١. الخطر اليهودي بروتوكولات حكماء صهيون محمد خليفة التونسي، ترجمة: عباس محمود العقاد، ط٥، ١٤٠٠هـ - ١٩٨٠م.
١٢. سنن إبن ماجه، للإمام محمد بن يزيد بن ماجه القزويني، ت ٢٧٥هـ، تحقيق: محمد فؤاد عبدالباقي، دار الفكر، بيروت - لبنان.
١٣. سنن أبي داود، سليمان بن الأشعث السجستاني الأزدي ت ٢٧٥هـ، تحقيق: محمد محي الدين عبدالحميد، دار الفكر، بيروت - لبنان.
١٤. سنن الترمذي، لأبي عيسى محمد بن عيسى الترمذي ت ٢٧٩هـ، تحقيق: أحمد شاكر، دار إحياء التراث العربي، بيروت - لبنان.
١٥. سنن الدارمي، أبو محمد عبدالله بن عبدالرحمن الدارمي ت ٢٥٥هـ، تحقيق: فواز الزمرلي، خالد العلمي، ط١، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٤٠٧هـ
١٦. السنن الكبري، ابو بكر احمد بن الحسين البيهقي المتوفي ٤٥٨هـ، بتحقيق: احمد عبدالقادر عطا، مكة المكرمة، ١٤١٤هـ- ١٩٩٤م.
١٧. شرح النووي على صحيح مسلم، أبو زكريا محيي الدين يحيى بن شرف النووي ت ٦٧٦هـ، ط٢، مكتبة التراث العربي، ١٣٩٢هـ، بيروت لبنان.
١٨. صحيح البخاري، محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري ت ٢٥٦هـ، تحقيق د. مصطفى ديب البغا، ط٣، دار ابن كثير، ١٤٠٧، بيروت - لبنان.
١٩. صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج أبو الحسين النيسابوري القشيري، ت ٢٦١هـ، تحقيق محمد فؤاد عبدالباقي، دار إحياء التراث العربي، بيروت.
٢٠. عمدة القاري شرح صحيح البخاري، للإمام بدرالدين محمود بن أحمد العيني الحنفي، دار إحياء التراث العربي - بيروت - لبنان.

٢١. فتاوى الأزهر: المفتي عطية صقر، المجلد العاشر، عن : موقع وزارة الأوقاف المصرية: www.islamic-council.com بتأريخ: ٩ ٨ ٢٠١١م.
٢٢. فتاوى معاصرة د. يوسف القرضاوي، ط١، المطبعة السلفية، القاهرة – مصر.
٢٣. فتح الباري في شرح صحيح البخاري، الحافظ شهاب الدين أحمد بن حجر العسقلاني ت٨٥٢، تحقيق محمد فؤاد عبدالباقي، دار المعرفة، ١٣٧٩هـ، بيروت لبنان.
٢٤. الفقه الإسلامي وأدلته، د. وهبة الزحيلي، ط٤، دار الفكر – سوريَّة – دمشق.
٢٥. فيض القدير شرح الجامع الصغير ، للمحدث زين الدين محمد بن عبدالرؤوف المناوي، ط١، المكتبة التجارية الكبرى، ١٣٥٦هـ، القاهرة – مصر.
٢٦. كشف الخفاء ومزيل الإلباس عما اشتهر من الأحاديث على ألسنة الناس، المحدث اسماعيل بن محمد العجلوني، ت :١١٦٢هـ، ت: أحمد القلاش، ط٤، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٤٠٥هـ.
٢٧. مجلة مجمع الفقه الإسلامي التابع لمنظمة المؤتمر الإسلامي بجدة، المملكة العربية السعودية، العدد ٢، عن موقع ملتقى أهل الحديث: www.ahlalhdeeth.:com
٢٨. المجمع الفقهي الإسلامي في رابطة العالم الإسلامي، الدورة السادسة عشر، شوال ١٤٢٣هـ، مكة المكرمة.
٢٩. المحصول في علم الأصول للإمام فخرالدين محمد بن عمر بن الحسين الرازي، بتحقيق طه جابر فياض العلواني: ط١، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية – الرياض، ١٤٠٠هـ.
٣٠. المحلي، ابومحمد علي بن احمد سعيد بن حزم الظاهري المتوفي ٦٤٥هـ،

تحقيق: لجنة احياء التراث العربي، دار الآفاق الجديدة، بيروت لبنان.
٣١. مدارج السالكين شرح منازل السائرين بين مقامات اياك نعبد واياك نستعين، لشمس الدين بن قيم الجوزية المتوفى ٧٥١هـ، تحقيق وتعليق: محمد المعتصم بالله البغدادي، ط١، دار الكتاب العربي، بيروت- لبنان، ١٤١٠هـ- ١٩٩٠م.
٣٢. المستدرك على الصحيحين، أبو عبدالله محمد بن عبدالله الحاكم النيسابوري ت ٤٠٥هـ، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، بيرور، ١٤١١هـ ١٩٩٠م.
٣٣ . مسند أحمد، لأبي عبدالله أحمد بن حنبل الحنبلي ت ٢٤١هـ، مؤسسة قرطبة، مصر.
٣٤. مسند الحارث، الحارث بن أسامة أبي أسام، ت ٢٨٢هـ، تحقيق: د. حسين الباكري، ط١، مركز خدمة السنة، المدينة، ١٤١٣هـ - ١٩٩٢م.
٣٥. نيل الأوطار من احاديث سيد الاخبار، للشوكاني محمد بن علي بن محمد الزيدي المتوفي ١٢٥٠هـ، شرح منتقى الاخبار لمجدالدين ابن تيمية الحنبلي، ط، دار الجيل، بيروت، ١٩٧٣م.